YEKBUN

# یەکبوون

UNITED
کوردستان
KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

October : 2013 گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ٤٣ خەزەڵوەری : ٢٧١٣

KURDISTAN

لەم ژمارە یە دا :

* چارەسەری دیموکراتی بۆ مەسەلەی کورد .................. مستەفا شڵماشی ..........٢
* تیرۆریزم [ بۆ چوونیکی جیاواز ] نووسەر دوکتور قاسملوو ... وەرگێران لە فەرەنسی حەسەن ئەیووب زادە ... ٦
* مافی سەربەخۆیی هەنگاوێ بەرەو دەوڵەت ........................ نەوزاد جەمال ................ ٩
* ئازادی را دەربرین ........................... وەرگێر : هوشەنگ قادری ........................ ١٠
* سێ کێشەی ژنان لە تەواوی جیهاندا ................. وەرگێران لە فارسییەوە : لیمۆ بایەزیدزداە ...١٢
* کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی ......................... رایان عوسمان................ ١٤
* حوسێن حۆزنی موکریانی .................... ماڵپەری کوردسات تی ڤی ................... ١٥
* ستراتیژی گەشەپێدانی پەروەردە کردنی منداڵان لە ئوسترالیا ...............د . سەلاحی گەرمیان .......... ١٦
* کورتەیەک لە ژیانی یاسر عەرەفات ............ ئامادە کردنی مەجید ئەحمەدی ............. ١٨
* زەردەشت : مێژوو، زمان، کولتور، ناسنامە ............. هادی محەمەدی ............. ٢١
* رۆژژمێری مانگی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی ............ ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی ............. ٢٤

# چارەسەری دێموکڕاتی بۆ مەسەلەی کورد



مستەفا شڵماشی

کێشەی کورد لەڕاستیدا کێشەی گەورەترین نەتەوەی ژێردەستەی ئەم سەردەمەیە. چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش ئاڵۆزترین مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بە باوەری من تەنانەت لە مەسەلەی فەلەستینیش ئاڵۆزترە. چونکە لە فەلەستین کێشە لەسەر بە ڕەسمی ناسینی ناسنامەی نەتەوەیی نییە . ئیسراییل بوونی فەلەستنیەکان بە ڕەسمی داناسێ و ئامادەیە قسە لەسەر دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین بکا. هەر چەند ساڵەهایە خاکەکەی داگیر کردوە.

لە کوردستان بە پێچەوانەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەول دەدەن ناسنامەی نەتەوەیی کورد بشێوێنن . لە هەر وڵاتەی بە جۆرێک لەسەر کورد بیردەکەنەوە و هەوڵ دەدەن مەسەلەکە بە گوێرەی قازانجەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن. لە تورکییە تازە پاش ساڵەها نکولی [ ئینکار ] کردنی بوونی کورد و بەکار هێنانی پێناسەی تورکی شاخی؛ لە ژێر فشاری نێونەتەوەیی دا ئیقرار دەکەن کورد خاوەنی کولتورێکی جیاوازە و رێگا دەدەن جێژنی نەورۆز بگێرێ و هێندێک چالاکی زمانەوانی بکرێ . لە ئێران هەرچەند ناوی کورد دەهێنرێ؛ بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەو وڵاتە هەوڵ دراوە کورد وەک هۆزێک لە نەتەوەی فارس بناسێنرێ. فارسەکان هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی زاراوەی نەتەوەی ئێران! بوونی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران نکولی [ ئینکار ] لی بکەن.

بەتایبەتی لە بەرمبەر کورد دا دەوڵەتەیەک لە دوای یەکەکانی ئێران هەمیشە سیاسەتێکی دووڕوانەی زۆر خائینانە و مەترسییان بەرێوە بردووە. لە کاتێک دا کە داوای بچوکترین مافی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئاگر و ئاسن وەڵام داوە تەوە. هەوڵیان داوە خۆیان لە جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نیزیک بکەنەوە و خۆیان وەک دڵسۆزی ئەوان نیشان بدەن.

لە عێراق کورد بە شێوەیەکی جیاواز لە گەڵ عەرەب کەوتووە. هەر لە دامەزارنی دەوڵەتی عێراقەوە کورد لەو وڵاتە دا ناسراوە. هەر بۆیە هەمیشە توانیویەتی زمان و کلتوری خۆی بکار بێنێ. شۆوێنیزمی عەرەب زۆرتر کاری ئەوە بووە کە نەهێڵێ کورد لە عێراق هەنگاوی گەورەتر باوێ و داوای مافی نەتەوەیی خۆی بکا. شۆوێنیزمی عەرەب بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق ترسی لە راپەرینی گەلی کورد لەو وڵاتە دا هەبووە و بە دڕندانەترین شێوە بەگژ گەلی کورد دا چووتەوە و لەبەر ئەوەی کە رێگای چالاکی فەرهەنگی کوردی پێ نەگیراوە، هەوڵی لە نێو بردنی فیزیکی کوردی داوە. چۆڵکردنی گوندەکان، شیمیابارانی و ئەنفاڵ وێنەی بەرچاوی ئەو سیاسەتە دڕندانەیەی دەوڵەتی عێراقن.

لە سووریەش لاسایی دەوڵەتی تورک کراوەتەوە و هەر بە گشتیی بوونی کورد لەو وڵاتە دا نکولی [ ئینکار ] لێ کراوە. شۆوێنیستانی عەرەب لە سوورییە لەوەش زۆرتر رۆیشتوون و تەنانەت مافی هاووڵاتی بوونیشیان لە بەشێکی زۆر لە کوردەکان وەرگرتووتەوە.

بەگشتی هەر چەند لە دنیا دا کێشەی کورد وەکو دووهەم کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، بەڵام لە لایەن ئەو وڵاتانەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە نکولی [ ئینکار ] لێ کراوە و بەشێوەیەکی دڕندانە بەربەرەکانی لە گەڵ کراوە. هەڵوێستی دڕندانەی شۆوێنیزمی فارس و تورک و عەرەب ئەوە دەردەخا کە چارەسەری مەسەلەی کورد تەنیا لە دامەزرانی سیستمی دێموکڕاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەرست دا ئیمکانی هەیە. ئەوەش نەک دێموکڕاسییەکی رواڵەتی کە لەسەر بناغەی زۆرینەی نەتەوەی فەرمانڕەوا دامەزرابێ، بەڵکوو دێموکڕاسییەکی ڕاستەقینە کە یەکسانی دابین بکا بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتانە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لە باری ستراتێژی نیزامی و چ لەباری ئابووری و سیاسییەوە گرنگترین ناوچەی جیهانە . دابین کردنی ئاسایش لە و ناوچەیە دا بۆ وڵاتە زلهێز و پیشەسازیەکان گرنگی ستراتێژی هەیە. تا سیستمی دێموکڕاسی دانەمەزرێ و مافی نەتەوایەتی گەلانی ژێردەست، بە تایبەتی گەلی کورد و گەلی فەلەستین دابین نەکرێ، ئەو ناوچەیە ڕووی ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ.

ئەگەر بەباشی سەرنج بدەینە ئەو ستراتێژیە تازەیەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتوویانەتە پێش، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان سیاسەتی لایەنگریی سست یان لەبەرامبەر مەسەلەی کورد دا گرتووەتە بەر. واتە؛ نایان هەوێ مەسەلەکە بهاروژێنن، بەڵام ئەگەر کێشەیەکی زۆر گەورەیان بۆ پێک نەهێنێ و لە چوارچێوەی خەباتی دێموکڕاتیک دا ئیمکانی چارەسەر کردنی هەبێ، ئەوان پشتیوانی لێ دەکەن. بۆیە هەر چەند مەسەلەی چارەسەر کردنی دۆزی کورد بە شێوەی بناغەیی لە بەرنامەی کاری رۆژانەی ئەوان دا نییە ، بەڵام لە چوارچێوەی پرۆسەی دێموکڕاسی دا گرنگی پێ دەدەن.

لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا کورد لە گەڵ زۆر هێزی دژ بە چارەسەری بەرەو ڕوویە .ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە نەک تەنیا نایان هەوێ مافی رەوای کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕەسمی بناسن، بەڵکوو دژی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە وڵاتەکانی تریش ڕادەوەستن. لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەستی نەتەوایەتی بەهێز و جووڵانەوەی رزگاریخوازی درێژەی هەیە. بەڵام لەباری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە، هێندێک جیاوازی کەوتووەتە نێوان پارچەکانی کوردستان. هەر بۆیەش هەڵس و کەوتی جیاواز لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵاتیەوە بەدی دەکرێ.

## چارەسەری گشتی :

چارەسەری گشتی و یەکجارەکی بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە ڕێگای پێ بدرێ بۆخۆی چارە نووسی خۆی دیاری بکا. مافی دیاریکردنی چارە نووس، مافی ڕەوای هەر گەلێکە. کوردیش بەبێ ئەملاو ئەولا ئەو مافەی هەیە. کە وابوو کوردەکان دەتوانن هەر لە چوارچێوەی داوا کردنی ئەو مافە لە دەوری یەکتر کۆبنەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەلومەرج لە هەر پارچەیەی کوردستان جیاوازە و ڕێگای وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە قوناغی جیاواز دا تێ دەپەڕێ.
ئەوەی کە مافی دیارکردنی چارەنووس دەبێ ببێتە دروشمی هەر کوردیک هێچ شکی تیدا نییە، بەڵام قۆناغەکانی تێپەر بوون بە رەو ئەو مافە و شێوەی وەدەست هێنانی دە کرێ لە هەر پارچەی کوردستان دا جیاواز بێ. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە پێویستە بیر و ڕای گەلی کورد ڕێزی لێ بگیرێ و پرس کردن بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بخرێتە ناو بەرنامەی کاری ڕۆژانەی هێز و پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە. کە وابوو بەکار هێنانی ئامرازی ڕیفراندۆم دەکرێ ببێتە یەکێک لە خاڵەکانی کاری هاوبەش لە نێوان هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دا.
ڕەنگە لەسەر پێویستی بەکارهێنانی دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکانیش یەک بن، بەڵام لەسەرکاتی بەکار هێنانی ئەو مافە بێگومان جیاوازی بیرو بۆچوونیان هەیە.
جێگای خۆیەتی کە هەوڵ بدرێ لەسەر قۆناغەکانی بەدەست هێنانی مافی سەرەکی گەلی کورد ڕێککەوتن بەدەست بهێنرێ. باس کردن لە مەسەلەی مافی سەربەخۆیی نابێ هەتا هەتایە ببێتە تابۆ. ئەو ترسە لە لایەن شۆوینیزمی نەتەوەی فەرمانڕەواوە خراوەتە نێو دڵ و دەرونی خەباتگێڕانی کوردەوە. بۆیە جێگای خۆیەتی زۆر بەڕاشکاوی باس بکرێ کەکوردیش وەکو هەموو گەلانی دیکەی دنیا مافی ئەوەی هەیە کە سەربەخۆ بێ. هەر چەند کورد لە هەڵ و مەرجی ئێستا دا دروشمی سەربەخۆیی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو ئێستا زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەرانسەی کوردستان دا فیدرالیزم وەک جارەسەری گونجاو بۆ ئەو سەردەمە دەبینن.
هەر چەند فیدرالیزم بۆ سەردەمی ئێستا وەک چارەسەرێکی گونجاو دەبینرێ، بەڵام حەق وایە بۆ چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان پە نا ببرێ بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕیفراندۆم بکرێ.

## قۆناغی پرۆسەی چارەسەری لە هەر پارچەی کوردستان جیاوازە .

### باکوری کوردستان:

لە باکووری کوردستان ڕێژیمی تورک پاش ساڵەها نکولی [ ئینکار ] کردن، سەرئەنجام پێکی ژەهری نۆشی و بوونی کوردی لە تورکیە بەڕەسمی ناسی. تەنانەت تاڕادەیەک بەکارهێنانی زمانی کوردی و گرتنی جێژنی نەورۆزیشی قەبووڵ کردوە، دان پێدانان [ئیقرار ] ی دەوڵەتی تورک بە بوونی کورد، لەداهاتوو دا ڕێگا خۆش دەکا بۆ بەکارهێنانی مافی ڕفیراندۆم لە تورکیە دا، چونکە شک لەوە دانییە کە ئەگەر هێندێک ئاڵ و گۆڕ بەسەر سیاسەتی دەوڵەتی تورک دا بێ لە بەرامبەر مەسەلەی دێموکراسی، مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد دا، ئەوا ڕێگا خۆش دە بێ کە تورکیە بێتە نێو یەکیەتی ئەوروپا. بەهاتنی تورکیە بۆ ناو یەکیەتی ئەوروپا مەسەلەی کورد لە تورکیە پێ دەنێتە نێو قۆناغێکی تازەوە.
ئێتر هەڵوێستی کەماڵیزم و شۆوێنیزمی تورک نییە کە پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورک لە تورکیە دا دیاری دەکا. بەڵکوو قانوونەکانی یەکیەتی ئەوروپا دەبن کە ئەو پەیوەندیانە ڕێک دەخەن. من بەش بەحاڵی خۆم بە چوونی تورکیە بۆ نێو یەکیەتی ئەوروپا خۆش بینم. دەوڵەتی تورک هیچ ڕێگا چارەیەکی تری نییە، یان دەبێ شەرتەکانی یەکیەتی ئەوروپا قەبووڵ بکا و بێتە نێو ئەو یەکیەتیە، یان دەبێ چارەنووسی خۆی ببەستێتەوە بە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەوە. وەک کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سوورییە . کە ئەوەش بەواتای لە نێو بردنی هەموو ئەو دەسکەوتانەیە کە دەوڵەتی تورک بە گرتنە بەری ڕێبازی عیلمانی تاکوو ئێستا بەدەستی هێناوە. بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم بە داهاتووی کورد لە تورکیە دا خۆش بینم.
ئەمە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ کە کورد لە تورکیە پێویستە زۆر کار بکا لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان تورکیە و ئەوروپا . ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هێزە کوردیەکان بۆ دژایەتی لە گەڵ شۆوێنیزمی تورک، نابی بکەونە داوی ئەوەی کە دژایەتی لە گەڵ هاوپەیمانە سیاسی و نیزامیەکانی تورکیە بکەن، بەڵکوو پێویستە لێیان نیزیک بنەوە و مەسەلەکانی خۆیانیان تێ بگەیەنن.
یەکێکی تر لە خاڵە گرنکەکانی ڕێگای تێکۆشانی کوردەکان لە باکووری کوردستان پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیە لە نێوان پارت و ڕێکخراوە جۆر بەجۆرەکانی باکووری کوردستان دا . پێویستە ڕێکخراوە سیاسیەکان لەو بەشە لە کوردستان دا یەکتر بە ڕەسمی بناسن و ددان بە گرنگی و پایەگای یەکتر دا بنێن.
مەسەلەیەکی دیکەی جێگای سەرنج لە باکووری کوردستان ئەوەیە کە هێزە کوردیەکان وا بیرنەکەنەوە کە دۆستی دژبەرمان، دژبەرە. زۆر وڵات لە دنیا دا قازنجی ئابووری، سیاسی و نیزامیان لە گەڵ تورکیە هەیە. بەڵام مەرج نییە هەموویان لە گەڵ دەوڵەتی تورک یەک هەڵوێست بن.
تەنیا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە دژی کورد یەکگرتوون. بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپا یی و ئەمریکا دەکرێ وەک ئامرازی فشار لە دژی کردەوە دژی مرۆڤییەکانی دەوڵەتی تورک کەڵک وەرگیرێ. بە تایبەت کە ئەوانە زۆر باس لە لایەنگری لە مافی مرۆڤ دەکەن.
بە گشتی لە باکووری کوردستان ئیمکانی کاری دیپلۆماسی و جووڵانەوەی مەدەنی زۆرە و کوردیش بە خۆشیەوە خەریکە فێر بێ لە چۆن کەڵی لێ وەرگرێ. بەڵام نابێ بە هێچ شێوە یەک بیر لە وە بکرێتەوە کە ئێتر لەو بەشە لە کوردستان پێوێستیمان بە پێشمەرگە نەماوە. بەڵکوو تەنیا بەو ئەنجامە گەیشتووین کە دەبێ لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەرگیرێ. تەنانەت لە کاتێک دا کە مافەکانمان دەستە بەریش بووبن. پێویستمان بە پێشمەرگە هەیە بۆ پاراستنیان.

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێران بە هۆی دوو ڕاستییەوە زۆر دژوارە و تەنانەت لە چارەسەری کێشەکە لە پارچەکانی تری کوردستانیش دژوارترە.

## یەکەم ترسی شۆوڤێنیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا :

لەچوارچێوەی ئەو سنوورە سیاسیە دا کە پێی دەوترێ ئێران شەش نەتەوەی گەورە و چەندین کەمە نەتەوە، دین و مەزهەبی جیاواز دەژین. ئەم ڕاستییە تا کوو ئێستا لە لایەن نەتەوەی فەرمانڕەواوە نەک تەنیا قبووڵ نەکراوە، بەڵکوو هەوڵیش دراوە بشاردرێتەوە و کەم ڕەنگ بکرێ.

حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران کە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ هەمیشە نوێنەری شۆونێزمی فارس بوون، هەوڵیان داوە ئەم ڕاستی یە لە ژێر پەردەی [ نەتەوەی گەورەی ئێران ] دا، کە لە ڕاستی دا بوونی نییە بشارنەوە. ئەم بۆچوونە شۆوێنیستانە یە بەدرێژایی سەدان ساڵ کاری بۆ کراوە و هەوڵ دراوە ببێتە فەرهەنگ. بەداخێکی گرانەوە لە نێو نەتەوەی فارسیش دا ئەم فەرهەنگە تا ڕادەیەکی ترسێنەر ڕیشەی داکووتاوە. ئێزۆلە کردنی ئێران لە باری فەرهەنگیەوە، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە لە تاقیکردنەوەی وڵاتانی فرە نەتەوەی دیکەی دنیا کەڵک وەر نەگیرێ و تەنانەت لە لایەن تاکی نەتەوەی فەرمانڕەواشەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر قازانجەکانی نەتەوەی خۆی چاوی لێ بکرێ.

بۆیە تا ئێستاش هەر باسێک لە سەرچارە سەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلانی ژێردەستەی ئێران بکرێ، فەورەن بە پارچە کردنی ئێران لە قەڵەم دەدرێ و تەنانەت لە لایەن ڕۆناکبیرەکانی فارسیشەوە بە خەتی سوور دادەنرێ و بە توندی ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدرێتە بۆچوونی ئەو ڕوناکبیرە فارسانەی کە ساڵەهایە لە ئەورووپا و ئەمریکاش دەژین و لە باری زانستی و حقووقیشەوە [ مافی دیاریکردنی چارە نووس ]یان قەبووڵە. کە دەگاتە سەر نەتەوەکانی ئێران دژڕادەوەستن. بێ ئەوەی ئەو حەقە بۆ گەلانی ئێران قایل بن کە بۆ خۆیان دەبێ بڕیار لەسەر چارە نووسی خۆیان بدەن و بێ ئەوەی ئەو ڕاستیە لەبەر چاو بگرن کە یەکپارچەیی ئێران پێویستە بە شێوەی داوتەڵەبانە بپارێزرێ نەک بە زۆر.

## دووهەم دوو ڕوویی شۆوێنیستەکانی نەتەوە ی فەرمانڕە وا:

سیاسەتی ڕێژیمەکانی ئێران هەمیشە سیاسەتێکی دوو ڕوویانەی پشت بەستوو بە فێڵ و تەڵەکە بووە. ئەو سیاسەتە تا کوو ئێستا هێزی مانۆڕدانی زۆر بووە و توانیویەتی لە هەموو ڕاددەکان دا دەسکەوت بۆ دارێژەرانی بەدەست بێنێ. تا ئێستا حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران توانیوایانە هەم لە رادەی نێوخۆ دا، هەم لە ڕادەی ناوچە دا و هەم لە ڕادەی نێو نەتەوەیی دا سیاسەتی فریو بە کار بێنن و زۆر بە باشیش نەخشی فریو دەرانەیان یاری بکەن. ئەوان بەڕاستی لەو کارە دا سەرکەوتوون و تەنانەت توانیویانە ئەو هێزانەش کە باشیان دەناسن چەندین جار فریو دەن.

دەوڵەتی ئێران زۆر باش دەزانی کە بێرەحمانە لە پشتەوە ڕا بە توندترین شێوە هێرش بکا، بکوژێ و دوایەش لە گەڵ کەس و کاری قوربانییەکان لە شێنگە دانیشێ و فرمێسک هەڵوەرێنێ.

ئەو دوو هۆیەی سەرەوە کارێکی ئەوتۆیان کردووە کە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لەوە دژوارتر بێ کە بە زاهیر دیاری دەکا.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەو دوو نوختەی باسکران و بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەبەر دەست دان، پێویستە لە پێش هەموو شتێک دا باری تەبلیغاتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکرێ. پێویستە دوو ڕوویی کاربەدەستانی ئێران بۆ هەموو لایەک ڕوون بکرێتەوە. لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا کادری بە ئەزموون، زمان زان و دیپلۆمات وە کار بخرێن . چیدی لەسەر بناغەی دۆست بازی و نان بەیەکتر بە قەرزدان و وەک ئیمتیازێک پۆستی کاری دیپلۆماسی نەدرێ بە کەس.

کاتی ئەوە هاتووە کە لە هەر پاشەکشەیەکی کۆماری ئیسلامی کەڵکی تەواو وەرگیرێ و خەباتی نێوخۆی کوردستان تین و تەوژمی زۆرتری پێ بدرێ و بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێک بخرێ، بە دنیا ڕابگەیەنرێ و پشتیوانی لێ بکرێ. خەباتی مەدەنی و دێموکڕاتیک وەڕێ بخرێ و دروشمی قۆناغیی بۆ پلە بە پلە پاشەکشە کردن بە دوژمن دارێژرێن و لە ناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک دا بڵاو بکرێتەوە. تا خەڵک قۆناغ بە قۆناغ مافەرەواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ و بە دەستیان بێنن. با چیدی خۆپێشاندانەکان بێ دروشمی قۆناغی خۆیان نەبن.

هەروەها لە بچوکترین ئیمکانی ئازادی پێویستە کەڵکی فەوری وەرگیرێ و کۆمەڵانی خەڵک لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە گەورەترین هێزی چارە نووس ساز هەر بۆ خۆیانن و هێزە دەرەکیەکان تەنیا دەتوانن یارمەتیدەرێک بن.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیەکانی سیاسی، هونەری و فەرهەنگی دەرەوەی وڵاتیش پێویستە دەنگی هاواری حەقخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی کوردستان بن و بە شێوەیەکی چالاک بێنە مەیدان. بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە مێژووییە بە باشی بتوانن بەرێوە بەرن، دەبێ نوێنەرایەتیەکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات پێک بهێنرێ.

خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە تەکانێکی هەموو لایەنە و بە گشتی ویستی چارەسەری هەیە . دەبێ مافخوازی بچێتە سەرشە قامەکان و نێو ڕێکخراوە مەدەنیەکان. بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان و پتە و کردنی ڕیزەکانمان بە کارهێنانی هەموو تواناکان پێویستە . دەبی کارێکی وا بکرێ کە کۆمەڵانی خەڵک بتوانن بە سە پاندنی ڕیفراندۆمێکی کوردستانی مافەڕەواکانیان بەدەست بێنن.

بەبێ یەکخستن و بە کارهێنانی هەموو تواناکان، چارەسەری مەسەلەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دژوارە، چونکە هاوکێشەی هێز لە ئێران دا بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی گەلی کورد نییە.

دوو مەسەلەی تریش زۆر یارمەتی بە چارەسەری مەسەلەی کورد دەکەن. یەکەم چالاک بوونی نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێران و دووهەم خەباتی دێموکڕتیخوازانەی سەراسەریی لە ئێران دا . بەڵام پێویستە هەوڵ بدا پەیوەندی هاو خەباتی لە گەڵ ئەو دوو جووڵانەوەیە هەبی نەک ببێتە پردەبازی ئەو دوو جووڵانەوەیە.

## باشووری کوردستان:

بەخۆشیەوە لە باشووری کوردستان هەل و مەرجەکە زۆر گۆڕاوە و گەلی کورد بە بەشێک لە ئاواتەکانی خۆی گەیوە. بەو حاڵەش ئەگەر کورد وشیارنە بێ و هەموو هێزەکانی خۆی بە کار نەهێنێ، ئێستاش خەتەری ئەوە هەیە کە لەسەر مێزی وتووێژ بیدۆڕێنی.

سەرکەوتنی یەکجارەکی کورد لەو بەشەی کوردستان بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی کورد لە جێگیر کردنی فیدراڵی و دیاری کردنی سنووری جوغرافیایی کوردستان، لە قانوونی بناغەیی عێراق دا. ئەو ئامانجەش نایەنەدێ مەگەر بە یەکگرتنی پتەوی هەموو هێزە کوردییەکان و پێ داگرتنی ڕێبەرایەتی کورد لەسەر هەرچی زووتر هێنانەوەی کەرکوک و شارەکانی دیکەی دابڕاو لە کوردستان بۆ سەر هەریمی کوردستان. ئەگەر کورد لەم وەختە هەستیارە دا سازشی زیادیی بکا و و ڕازی بێ بەبەهانەی پرۆسەی دێموکڕاسی و مەسەلەی تیرۆر ئەم مەسەلە گرینگانە دوا بخرێن ئەوا دەبێ بڵێین دیسانەوە دەدۆڕینێن.

لە پێناو وەدەست هێنانی هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان دا پێویستە هەرچی زووتر پارڵەمان و حکوومەتی کوردستان پێ دا بگرن لەسەر جێ بە جێ کردنی ماددەی سەت و چل لە قانوونی بنەڕەتی عێراق. وەدوا خستنی ئەو ماددەیە ، گەورەترین زەربە لە داهاتووی کورد دەدا و دەبێ بە هێچ شێوەیەک قەبووڵ نەکرێ.

پێداگرتن لەسەر دیاری کردنی جوغرافیای کوردستان و جێگیر بوونی فیدراڵی و سنووری کوردستل لە قانوونی بنچینەیی دا پێویستە گرنگی یە کەمیان بدرێتێ و تەنانەت بەشی کورد لە دەوڵەتی سەراسەری عێراق دا فیدای ئەو بکرێ.

کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانیش دەبێ گر نگی زۆر بدەن بە پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان و بە هەموو توانایەنەوە پشتیوانی لێ بکەن.

## باشووری بچووک لە کوردستان:

مەسەلەی کورد لە سوورییە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر شوێنکاری باکوور و باشووری کوردستان دایە. لە لایەن دەوڵەتی سوورییەشەوە هەوڵ دراوە کە پەردەی بەسەر دابکێشرێ و وون بکرێ. جێگای داخە کە تا ئێستا تەنانەت لە لایەن هێزە کوردیەکانیشەوە زۆر وەپاش گوێ خراوە.

گەورەترین پێداویستیی ئەوڕۆی باشووری بچووک یەکگرتنی هێزە کوردیەکانە. بەداخەوە لەو پارچەیە حیزبی زۆر هەن کە بوونەتە هۆی دابەش بوونی هێزی کورد لەو پارچەیە دا. بە یەکگرتنی هێزە کوردیەکان ئیمکانی ئەوە پێک دێ کە باسی ڕێگای چارەسەریی بۆ مەسەلەی کورد لەو بەشە لە کوردستان بکرێ.کاتی ئەوە هاتووە کە باشووری بچووک مەسەلەی نەتەویی خۆی بێنێتە گۆڕێ و تەنیا بە داوای مافی هاووڵاتی ڕازی نەبێ. دیارە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هێزەکان و هاتنە مەیدانی جەماوەری گەل دێتە دی.لە ڕاددەی کوردستانی نیش دا پێویستە مەسەلەی باشووری ڕۆئاوی کوردستان بهێنرێتە نێو ڕۆژە وی سیاسی و بەرگری لێ بکرێ

## بەرئەنجامی گشتی :

مەسەلەی کورد بە قۆناغێکی زۆر مێژوویی گرنگ دا تێدەپەڕێ. خەباتی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێویستە بە پێی ئەم قۆناغە تازەیە ڕێک بخرێتەوە. هێزەکانی گە لی کورد دەبێ یەکبگرن و خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیان لە گەڵ خەباتی جەماوەری لێک گرێ دەن.

لە پرۆسەی بڵاو بوونەوەی دێموکراسی لە ناوچە دا کەڵک وەرگرن و بە شێوەیەکی دێموکڕاتیک کە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ویستی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک هەنگاو هەڵێنن. بۆیە باشترین شێوە بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان. پێکهێنانی زەمینەی هەموو پرسی یە لە ژێر چاوە دێری ڕێکخراوی نێو نە تە وەیی دا. کە لە وێ دا دەکرێ دوو پرسیار ڕوو بە ڕووی کۆمە ڵانی خە ڵک بکرێتەوە، ئەو دوو پرسیارەش بریتین لە فیدراڵی و سەربەخۆیی. با گەلی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی دیکەی دنیا بە ئاوا تە لە مێژینەکانی خۆی بگات.

سەرچاوە : ماڵپەری پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی ٣٠ی ژووئیەی ٢٠٠٥






تێرۆریزم لە روانگە یەکی جیاوازەوە، نووسراوەیەکی نەمر دوکتور عەبدوررەحمان قاسملووە کە بۆ "کۆنفەرانسێی تێرۆر و رەوشتی مرۆڤانە" نووسراوە. ئەم کۆنفەرەنسە لە ١٦ی سێپتامبری ١٩٨٦ لە شاری پاریس بەسترا.
دوکتور کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی ئێستای دەولەتی فەرەنسە بە هۆی نەبوونی دوکتور قاسملوو لەو کۆنفەرانسەدا خوێندبوویەوە.
حەسەن ئەیوبزادە ئەو مقالە حقووقیییەی لە دەقە سەرەکییەکەیەوە کە بەزمانی فەرەنسیی نووسراوە، بە وەبەرچاوگرتنی وەرگێڕدراوەکەی بە زمانی ئینگلیزیی کردوویە بە کوردیی.
دەقی فەرەنسیی مقالەکە و وەرگێڕدراوەکەی بە زمانی ئینگیزیی لە لای وەرگێڕی مقالەکە هەیە . کەسێک خوازیاری دەقی فەرەنسیی و ئینگلیزییەکەی بێ بۆی دەنێردرێ. وەرگێڕ

# تێرۆریزم :

## بۆچوونێکی جیاواز

نووسەر: دوکتور قاسملوو
لە فەرەنسی یەوە بۆ کوردی: حەسەن ئەیووب زادە

تێرۆریزم هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەلکی بێتاوانە کە لە شەڕی نیوان تێرۆریست و دژبەرەکانیان دا بەشدارنین.
لە وڵاتانی رۆژئاواییدا چاندنی بۆمب( تەقاندنەوە یان دانانەوەی بۆمب) لە شوێنە گشتیی یەکان، بەبارمتە گرتنی خەڵک و ڕفاندنی فرۆکە بە کردەوەی دزێوی تێرۆڕ ناودە بردرێن. هەرچەند رواڵەتەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە لەوانە زیاترن و دەزگا راگەیەنەرە گشتیی یە رۆژئاوایی یەکان ناویان نابەن و خۆی لێ دەبوێرن.



رێگا بدەن لەو باسەدا چند پرسیارێک بکەین:

### تێرۆریست کێ یە؟

ولامی ئەم پرسیارە ئەوەیە:

دەوڵەتێک کە بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی خەڵکەکەی پەرێشان دەکا تێرۆرپستە؟ ئاخۆ ئەم دیاردەیە تەنیا گرفتی وڵاتانی جیهانی سێهەمە کە دیکتاتۆرەکان بەسەریاندا حاکمن؟ ئایا ئەمە تەنیا تایبەت بە وڵاتانی جیهانی سێهەمە؟
ئایا وشەی " تێرۆریست" بۆ دژبەرێکی سیاسیی دەبێ کە کردەوەیەکی تێرۆریستیی دژی دەوڵەتێک دەکا کە ئازادییە مەدەنییە دەستەبەرکراوەکانی قانوونی ئەساسی پێشێل دەکا؟
ئەی لەمەر بزووتنەوەی ئازادیی نەتەوەیی، کە بە ناوی ئازادیی و سەربەخۆیی، تێرۆریزم هەڵدەبژێرێ چێ دەگوترێ؟
ئەو وڵاتەی کە وڵاتێکی دیکە داگیر دەکا بە زەبری تێرۆر قانوونەکانی خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپێنێ؟
خەڵکێک دوچاری ترس و خۆف دەکرێ لەبەر ئەوە کە دژی راسیسم و گوشاری گروپە قانوونیی و نە قانوونییەکان خەبات دەکەن. ئەو گروپانە کەسانێکن کە بە دوای مەبەستی خۆیانەوەن کە خوازیاری گۆڕینی سیاسەت، ئازادیی جینایەتکاران و ئەستاندنی پوڵی زۆرەملێن؟

### بەراستی کێ تێرۆریستە؟

ئایا رەشەکانی ئەفریقای باشوور کە دژی جیایی رەگەزیی ( ئاپارتاید ) لە وڵاتەکەی خۆیاندا، خەبات دەکەن تێرۆریستن یان، رێژیمی سپێی یەکان لە پرێتۆریا کە جیاوازیی رەگەزیی دەسەپێنێ؟
ئایا خەلکی کورد کە چەکی هەڵگرتووە و شەڕێکی عادڵانە بۆ پاراستنی پێناسەی نەتەوەیی دەکا تێرۆریستە یان ئەوە خومەینییە کە لە ٧ ساڵی رابردوودا شار و گوندەکانی کوردی لە ئێران وێران کردووە و بە کۆمەڵ خەڵکی قەلاچۆ کردووە ؟

ئایا حکومەتی ئاشکرا تیرۆریستە کە بەوگوشارە وەحشیانەیەی لە تورکیە بەسەر کورد دا سەپاندووە قانع نی یە و ئێستا خەریکی بومبابارانی حەشیمەتی بێدیفاعی کورد لە عێراقە؟

ئایا دەوڵەتی قانوونیی نیکاراگوئە کە یارمەتی بە هاوژینیی هێمنانە لەو وڵاتەو هاوبونیی هێمنانەی ئەمریکا دەکا، تێرۆریستە یان کۆنتراکان کە یارمەتی بە لێشاو پشتیوانیی ڕێگانیان لە پشتە تێرۆریستن؟

ئەگەر تێرۆڕیزم بە مانای هێرشبردن بۆ سەر ژیانی بە ئازادیی خەلکی بێتاوان بێ، لەو حاڵەتەدا هەر کەسێ کارێکی ئەوتۆ بکا دەبێ وەکو تێرۆریست سەرنجی بدرێتێ، خوا ئەو کەسە تاک بێ یان ڕێکخراوە، یان دەوڵەت.

ئەم پێناسەیە دەبێ بە بنەما دابندرێ. ئەوەش لەگەڵ ڕوانگەی ولاتانی ڕۆژئاوایی کە تەنیا لە کارتێکەرییەکانی تێرۆڕیزم دەکۆڵنەوە یەک ناگرێتەوە ڕۆژاواش هەوڵ نادا لە هۆیەکانی تێرۆر بکۆڵێتەوە.

پێویستە ئەو هۆیانە بۆ کەسێکی خوازیاری بنەبڕکردنی تێرۆڕیزمە، خویا بێ.

گوتراوە کە تێرۆریسم چەکی بێبەشانە.

دەبێ ئەوەش زیادبکرێ کە تێرۆریزم ڕێگەی ئەو کەسانەیەکە ڕەنگە بیانەوێ تەنانەت لەبەرامبەر بیعەداڵەتی ، گوشار ، دیکتاتۆریی و ڕاسیسمدا دژکردەوەیان هە بێ. ئە م هۆیانە کە بنە بڕ بکرێن، تێرۆڕیستە کان ئیزۆلە (تەریک) دەبن و بە خێرایی مەترسێییەکەیان کۆتایی پێ دێ.

ئەگەر ویستە قانوونی یەکانی خەڵک دابین بکرێن وبێعەداڵەتی نەمێنێ، هەموو کردەوەکانی تێرۆڕیستان بە شێوەیەکی بەرفرە، مەحکووم دەکرێن. چونکە تێرۆڕیستەکان کردەوە تێرۆریستیی یەکانی خۆیان بە ئیدیعای ویستە سیاسیی یە قانوونیی یەکان دەڕازێننەوە.

وڵاتانی ڕۆژاوا پێیانخۆشە بزوتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی چەکداریی لەگەڵ کاری تێرۆڕیستیی تێکەڵ بکرێ.

وێدەچی ترۆریزم لەگەڵ کردەوەی زۆر لە دەوڵەتەکان ڕێک بکەوێ ، ئەگەر نەبێ ڕێک دەخرێ...

نمونەی ئەووڵاتانە زۆرن کە لەبەر پێویستیی خۆیان بە تێرۆڕیزم بۆ پەژراندنی سیاسەتی تێرۆریستیی ، بە شێوەی ئاسایی خۆیان بە دژی تێرۆڕیست ناودەبەن. وەکو باشوری ئەفریقا ، ئیسرائیل ،شیلی و ئیران لەو ریزەدان.

کاتێ ڕەشەکان داوادەکەن ئاپارتاید نەمێنێ، ئەوان ڕەشەکان بە تێرۆڕیست دەزانن، فەلستینییەکان داوای وڵاتی خۆیان دەکە ن. خە لکی شیلی دژ بە دیکتاتوری یە و ئیرانییە کان دیکتاتوریی ئاخوندیی ڕەتدەکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچارکراوە لە حەوتساڵی ڕابردوو دا دژ بە ڕژیمی خومەینێ دەست بۆ خەباتی چەکدارانە بەرێ. ئەو خەباتە هەرگیز بەرەو تێرۆریزم نەکشاوە. بەپێچەوانە یارمەتیی کردووە بە ئازادکردنی ژمارەیەک بەبارمتە گیراو کە حەوت کەسیان فەڕەنسەیی بوون.* بزووتنەوە نێونەتەوەیی یەکانی دیکەی جیهان بەو شێوەیە ڕەفتار دەکە ن. ئە و ڤرێوە هە ڵس و کەوتە ناکەوێتە نێو گەرداوی تێرۆڕیزمەوە.

بە پێی پرەنسیپ ، ئێمە تێرۆریزم ڕەت دەکەینەوە. چونکە پێمان وایە ئەو بنەمایە، ئازادیی و کەڕامەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکا. هەروەها لەڕوانگەی سیاسیی یەوە، لە درێژخایەندا تێرۆریز م پرستیژی بزوتنەوە لەنێودەبا و لە نێوخۆوە وێرانی دەکا. هەلسەنگاندن و پێناسەکردنی نەگونجاوی وڵاتانی ڕۆژاوا لە تێرۆریسم ، خەبات بە دژی ئەو دیاردەیە ئەستەم دەکا.

کردەوە تێرۆریستییەیەکان بە دژی وڵاتانی ڕۆژاوا مەبەستی جۆراوجۆری لە پشتە.

تێرۆریستەکان بۆ ئامانجەکانیان پێویستییان بە پروپاگەندە هەیە. دەیانەوێ، بە ناتەواویی دوژمنەکانیان ڕوحییەی مەعنەویی هێزەکانیان پتەو بکەن.

ئەوان دەیانەوێ چالاکییە ئاسایی یەکانی دەوڵەتی دژبەر لەکاربخەن و هەوڵ دەدەن، دەوڵەت پێوانەیلی نائاسایی بەمەبەستی دنەدانی نارەزامەندیی گشتیی بخاتەگەر.

ڕاگەیەنەرە گشتیی یەکان لە ڕۆژاوادا دەکەونە داوێکە کە تێرۆریستە کان بۆیان دادەنێنە وە. لە حاڵێکدا چالاکییە تێرۆریستیی یە کان بە بە ربڵاویی بڵاو دەکرێنە وە و بە ئاگادریی خە لک ڕادەگەیەندرێن، خەباتی بزووتنەوەی دێموکراتیک بۆ ئازادیی و مافەکان لەبیر دەکرێن.

جیهادی ئیسلامیی کە تەنیا نوێەرایەتی تاقمێکی دەستکرد دەکا کە ناوو دەنگێیان لە جیهانڕدا هەیە. ویست و داخوازی بیست ملیون کورد لە بازنە ی سیاسیی دا بە دژواری دەناسرێ. ئایا ئە و نەگونجاویی یە و بێ قەوارەیی یە بزووتنە دێموکراتیی یەکان هان نادا بۆ ئەوە پەنا بۆکردەوەی تێرۆریستیی بەرن، بۆ ئەوە دەنگیان ببیسترێ؟

دێموکراسیی یەکانی ڕۆژاوا ناتەواون و تێرۆریستەکان لەو ناتەواویی یە سوود وەردەگرن. بەلام هەر لەو کاتە دا دێموکراسی دوژمنی ژمارە ١ تێرۆریزمە . لە و شوێنە ی کە دێموکراسی هە یە، تێرۆریزم گەشەناکا. تێرۆڕیزم بە ئاشکرا لە دەرەوەڕا دێ. لەو ولاتانەی کە ئازادیی یەکان پێشێل دەکرێن ، دیکتاتۆریی هەیە، بێعەداڵەتیی هەیە، ئایینیی و ئیتنیکی یە، گرفتە سیاسیی یەکان پەرەدەگرن.

دامرکاندنەکانی دێموکراسیی زیاتر زیان بە دێموکراسیی ڕۆژاوایی یەکان دەگەیەنێ. ئازادکردنی بەبارمتە گیراوێک ئیمتیازێ کە کە لەهەڵبژاردنەکاندا کەڵکی وەردەگیرێ.

تێرۆریستەکان لە ئیمتیازی ڕکەبەریی سیاسیی کەڵک وەردەگرن. ویستەکانیان پەرەپێدەدەن . دەبێ لەبیر بێ کە بە بارمتە گرتنی ئەمریکایی یەکان لە ١٩٨٠ لە هە ڵبژاردنی سە رۆککۆماریی ئەمریکا لەلایەن خومەینی یەوە شوێنیخستە سەر سیاسەتی ئەمریکایی یەکان. هەر وەها دانی باجی سمێل بە حیزبوللای لوبنان لە مارسی ١٩٨٦ .

ترۆریستەکان ئامانجیان ئەوەیە کە دێموکراسیی یەکان لەق بکەن، لە ناووە بنکۆڵی بکەن وگرفتەکان بەرەو ڕۆژاوا بنێرن بۆ ئەوە وڵاتەکانیان وێران بکەن.

بەرتەسک کردنەوەی دێموکراسیی بە مانای یارمەتی دان و لایەنگریی کردنە لە تێرۆر.

لەم هەلومەرجانەدا چۆن دەکرێ کۆتایی بە تێرۆڕیزم بێنین؟

مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ئەو راستیی یە بێ کە ترۆریزم بە شەوێک کۆتایی پێ نایە و لە نێو ناچێ.

وەرێخستنی پروپاگەندەیەکی زۆر بۆ بەبارمتەگیراوان سودی نی یە. چونکە ئەوە راست ئەو تشتەیە کە تێرۆریستەکان دەیانەوێ. روخاندنی دەوڵەت ،ئەگەرنا وڵات دەکەنە بارمتەی بارمتەکان.

ئاگادارکردنی رای گشتی لەمەر بارمتەگیراوان، مانای نووسینی مقالەیلی سەرەکیی لە چاپەمەنی یەکاندا نی‌یە. " دان بەخۆداگرتن" لەمەر بارمتەکان رەنگە زیاتر یارمەتی بکا بە ئازادکردنیان.

وتووێژ نابێ وەلابنرێ. بەڵام قبوڵی وتووێژ بە مانای چۆک دادان بۆ هەموو ویستەکانیان نی‌یە. نابی لە بیربکرێ کە تەسلیم بوون بە ویستە نەقانوونیی یەکانی تێرۆریستەکان رێگا دەکاتەوە بۆ ئەوە کە داخوازەکانیان رێک و پێکتر و زیاتر بکەن.

زۆر گرنگە کە لەگەل تێرۆریستانی راستەقینە وتووێژ بکرێ نەئەو کەسانەی کە بۆ چاندنی بومبەکان و بارمتەگرتن و رفاندن کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

خاڵی وتووێژ لەگەل حیزبوللای لوبنان چی یە، لەحاڵێک دا هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە ئەمانە دروستکراوی تارانن. دەبێ سەرەنجام نوێنەرانی موعتەبەر بۆ وتووێژ بدۆزرێنەوە.

خومەینی پارەی دەوێ،بۆ ئەوە لەگەڵ عێراق درێژە بە شەڕەکەی بدا. لەبەر ئەوە کە ئابوریی ئێرانیی یەکان بەرەو کارەسات دەچێ.

خالی سەرەکی وتووێژەکان لە وتوێژەکانی نێوان فەرەنسە و کۆماری ئیسلامیی پێوەندیی بە میلیارد دۆلار قەرزەوە هەیە کە شا بە شیرکەتی ئۆیرۆدیفی دابوو.

نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی وتووێژ لەسەر حەوت کەس لە بارمتەگیراوان کە لە دەست حیزبوڵلای لوبنان دان رە تدەکەنە وە و هە مووان دەزانن کە چارە نووسی ئە وانە پێوەندیی بە ویستی ئایەتوڵلاوە هەیە. گروپەکانی دیکە سەر بەدەوڵەتگەلێکی ناسراوی دیکەن. شەرکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانیی لەتێرۆر دەکەن بە تایبەتی ئێران پێویستیە کە و چاوپۆشیی لێناکرێ. ئەو وڵاتانە دەبێ خۆیان بگلێنە نێو ترس و خۆفەوە.

هەموو وڵاتان دەبێ دژ بە تێرۆریزم هاوکاری بکەن. ئەوەش تایبەت بە ناتۆ و EEC نی یە . لە ماوەی ٤٤٤ رۆژدا کە بارمتە ئە مریکایی یە کان لە ئێران دا بوون . چەند وڵاتێکی ئوروپایی پێوەندیی باشیان لەگەڵ ئێران هێشتەوە.

لە نەبوونی ئەمریکییەکاندا دەوڵەتەکانی ئوروپایی سودی بازرگانیی باشیان لە رژیمی خومەینی دەس کەوت.

چەند مانگ ، چەند فەرەنسی لەدەستی ئیرانیی یەکاندا لە لوبناندا بوون، فەرەنسە گوشاری پڕۆپاگەندەی لەمەڕ بارمتەکان تەجروبە کرد.

هاوکارانی ئی. ئی. سی. فەرەنسە وەکو ئینگلستان و ئاڵمان ئێستاش زۆر پێوفدیی ئابووریی بە هێزیان لەگەڵ ئێران هەیە. ئەوانە پشتیوانی لە ریژیمێک دەکەن کە تێرۆریزمی وکو دوکتورینیکی دەوڵەتی هەڵبژاردووە. هاو پێوەندیی بە دژی تێرۆر دەبێ کارامەتربێ و ببێتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی و تەنیا وڵاتانی رۆژئاوایی، بەڵکو وڵاتانی سوسیالیستیش بە تایبەتی جیهانی سێهەمیش بگرێتەوە.

ئەو تێئۆریی یە کە ئیددیعادەکا جیهانی سێهەم تێرۆڕیزم دروست دەکا دەبێ لێی دووربکەوێتەوە.

خەبات دژی تێرۆڕ کارێکی پێویستە ، بێ جیاوازیی و لەهەرجێیەکەوە کە سەرچاوەبگرێ.

ژیرانەیە کە تێرۆریزمی عەرەبەکان کە ژیانی بێتاوانەکان دەخەنە مەترسیی یەوە بێ رارایی و بە وردی مەحکوم بکرێ. هێرش بۆسەر سێناگۆگی جوولەکەکان لە ئیستامبوڵ کە تێیدا ٢٤ کە س کوژران، ئەو کردەوەیە دژ بە ئازادیی ئایینە. بەڵام بۆچی هێرش بۆ سەر کوردی عێراق مەحکوم ناکرێ؟

ئەم هێرشە دەبێتە هۆی مەرگی سەتان مەدەنی. هاوکوفەکانی وڵاتانی رۆژاوا کردەوە تێرۆریستیی یەکان مەحکوم دەکەن. بەڵام زۆر گونجاوە کە رارایی یەکانیان لەمەڕ ئەو هەنگاوانە دژ بە رژیمی نژاد پەرستی ئەفریقای باشوری وەبەرچاو بگیرێ.

کاتی ئەوەهاتوە ئەو جیاوازی دانانە کۆتایی پێبێ ،کە لەم جیهانەدا برێک لە خەلک وەکو شاروەندی دەرەجە دوو وسێ چاویان لێدەکرێ کە ژیانیان ئەو بایەخەیان نی‌یە کە ئەو شاروەندانەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەیانە . پشتیوانیی ئەخلاقیی، و سیاسیی لە بزووتنەوەکانی ئەو خەڵکانەی کە پەنابردن بۆ تێرۆر رەت دەکەنەوە رێگەیەکی دیکە بۆ خەبات بە دژی تێرۆڕیسمە.

**ABDUL RAHMAN GHASSEMLOU**
**GENERAL SECRETARY**
**PARIS, 16/09/1986**

* تێبینی :

٣ کەس لەو ٧ کەسە کە حیزبێکی سیاسیی کورد لە عێراق بە بارمتەی گرتبوون، ناوەکانیان بریتی بوو لە : Gymore و Maurice و Hary گیراوەکان، فەرەنسیی بوون و بە ئیبتیکار ونێوبژێکردنی د. قاسملووو دەبیری گشتیی حدکا و هاوکاریی سیاسەتڤان د.عزیز ماملی بەرپرسی سیاسی حدکا لە پاریس و سەرۆکی ئەو حیزبەی کە فەرەنسییەکانی بە بارمتە گرتبوو ئازادکران.

هەروەها دوو ئەندازیاری یوگوسلاوی کە بە هەمان شیوە بە بارمتە گیرابوون بەئیبتیکاری د. قاسملوو سکرتێری حدکا و پێوەندیی گرتنی نوێنەری حدکا (ئەندازیار حاج ئەحمە دی) لەگە ڵ باڵوێزخانەی یوگوسلاوی، گیراوەکان ناردرانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

# مافی سەربەخۆیی هەنگاوێ بەرەو دەوڵەت

نەوزاد جەمال



لە ساڵانی رابوردووەوە تائێستا پەیوەندیی هەرێم بە بەغداوە ناجێگیرە. ئەگەرچی هەرێم هەمیشە دەستپێشخەرو ئامادەباش بووە بۆ بەشداریکردن لەبڕیاری سیاسییدا بەتایبەت پرسی دەستورو تەبایی، بەڵام هەردوولا لەخوێندنەوەی نیازەکانی یەکتردا دڕۆنگ و بەدگومانن. جگەلەوەی دەسەڵاتی ناوەندی تاڕادەیەکی باش شارەزای سیاسەت و ماڵی کورد بووە، بەتایبەت لەو رووەوە کە پاڵپشتی دەرەکی هاندەریانە، وەلێ لە هەندێ باریشدا هێزە سەرەکیەکانی کوردستان جۆرێ لەفشار و کارتی خۆیان بەرامبەر ناوەند تارادەی تێکگیربوون بەکارهێناوە. بەشێکی ناجێگیریی پەیوەندیەکان دەگەرێتەوە بۆ رەفتاری سیاسی حکومەتی ناوەندیی کە بەپێی ئەقڵیەتێک دەجوڵێتەوە و لە چوارچێوەیەکدا پێناسەیەکی بۆ "هەرێمی کوردستان" داناوە. بەشێکیشی دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی هەرێم خۆی، بەهۆی زیادبوونی چاوەڕوانیی و گەشەی ئابوری و بەهێزبوونی پێگەو ئارامیی، ناوەندیش بەرگەی ئەم پێشهاتانە ناگرێ.

ئیدی ئەم دۆخە ناجێگیرە ، لە رووی دەروونی و سیاسیەوە ئێمەی خستۆتە بەردەم دووڕیانێک : یا تێکەڵبوونەوەیەکی شێلگیر بەدەسەڵاتی ناوەندیی(بەڵام بەکامە مەرج و فۆرم)؟ یا جیابوونەوەو خۆ ئامادەکردن بۆ سیناریۆ مەترسیدارەکانی. دیارە ئیختیاری یەکەم، بەردەوام لە گوتاری سیاسی کوردا، ڕێگەچارەیەکی گونجاوو واقیعی بووە، بەڵام دەستکەوتی ئەوتۆشی لێنەکەوتۆتەوە. وەلێ ئیختیاری دووەمیش، لە رووی چەمکی زانستییەوە بەهێز نییە و گومان رەوێنیش نییە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بەڕاشکاوی قسەی لەسەر ناکرێ پرسی "سەربەخۆییە" وەک رێگە چارەیەکی تر.

لەکاتێکدا زۆرێ لە سیاسیەکان بە کوردو ئێراقی و تەنانەت دەرەکیشەوە "مافی سەربەخۆیی" لە روانگەی "مافی جیابوونەوە"وە لێکدەداتەوە، کەچی دوو چەمک و تەقەلای جیاوازن. چونکی بنەمای تێوریی و واقیعیان یەک نییە. راستە بۆ ئەوەی سەربەخۆ بین، دەبێ لەنێو قەوارەی ئێراقدا بێینەدەرو ماڵ جیاکەینەوە، وەلێ سەربەخۆیی دۆخێکە لە جیابوونەوەش گەورەترو گشتگیرترە. واتە تێپەڕاندنی گوتارێکی کاتی و کاردانەوەیەکی سیاسی و دەروونییە. جگەلەوەی لەدوای راپەرینەوە رانەگەیاندراونە، ماڵجیایمان کردووە، هەمووش ئەم راستییە دەزانن، بەڵام بەرگەی ئەنجام و داهاتووەکەی ناگرن.

لێرەدا من داکۆکی لە"سەربەخۆیی" دەکەم، چونکی وەک مافێکی دەستووریی و گەردوونیی دەبینم. هاوکات بەچارەسەرو دابینکردنی داهاتووشی دەزانم. لەکاتێکدا جیابوونەوە کارتێکی سیاسی "مەوداکورتە" بەهەمیشەیی ئامانجەکانمان ناپێکێ. لەم سۆنگەوە، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم، جەخت لە پەیوەندیی نێوان "سەربەخۆیی" و چەمکی"ئازادی" دەکەمەوە. پێموایە ئەوەی لەم چەند ساڵەدا دەربارەی ئازادی وتراوە، بەمانایەکی تایبەت(زۆرجار بەرتەسک) باسکراوە، نەک بەمانای "رزگاریی و سەربەخۆیی".

## سەربەخۆی وەک ئازادی پۆزەتیڤ

لە فەلسەفەی سیاسییدا دوو جۆر چەمک و تێگەیشتن لەئازادیی هەیە: ئازادی نەگێتیڤ، ئازادی پۆزەتیڤ. ئازادی نەگێتیڤ: رزگاربوونی مرۆڤە لە کۆتوبەندەکانی بەردەم جوڵەو بیرکردنەوەی. ئازادی پۆزەتیڤ، هەنگاوێکی باڵاترو پێشکەوتووترە، هەر رزگاربوون نییە لە ڕێگرو کۆسپەکان، بەڵکو مرۆڤ لەناخ و بوونیدا بەبێ ڕێگرو کۆتوبەند ئیرادەی ئازادێتی خۆی پراکتیزە بکات. بەواتایەکیتر؛ مافێکی ئۆنتۆلۆجی- وجودی- یە کە بەهۆیەوە مرۆڤ بەبێ ترس، بێ فشار مافی ئیختیارکردنی چارەنوس و داهاتووی خۆی هەبێ. بەدەربڕینێکیتر؛ بۆ نموونە هەرێم ئەوەندە ئازادو سەربەخۆبێ لە دیاریکردنی چارەنوسییدا کە مانەوەی یا جیابوونەوەی لە ئێراق وەک یەک بێ فشاربێ. واتە لە هیچ حاڵەتیکدا زۆرو کۆسپی ناچارکەر نەبێ کە ئاخۆ کامیان هەڵبژێرێ. ئەگەر ویستمان لەو قەوارەیەدا بمێنینەوە، دەبێ بڕیارەکەمان بەتۆبزی و ناچارەکی نەبێ. بڕیاری جیابوونەوەش نابێ زادەی ناچاریی بەهۆی ستەم و زۆرەوە، یا هێرش و وێرانکارییەوە نەبێ. بەڵکو سەربەخۆییەک کە تەنها بەدیهاتنی زاتیەتی کورد، وەک مرۆڤ و گەل و کولتور بگەیەنێ لە فۆرمێکدا کە "دەوڵەتسازییە".

کەواتە ئەگەر ئێمە مافی جیابوونەوە بەمەبەستی سەربەخۆیی کوردستانەوە گرێبدەینەوە، دەبێ بەهانەو پاساو نەدۆزینەوە بۆ ئەو کردە سیاسییە ، چونکی ئەوە بریاری ئیرادەیەکە، نەک لەبەرئەوەی کە چەوساوەیەن، یا دەترسیین (ئەگەرچی بەفیعلی ترس و زۆرداری سەرچاوەی سیاسەتی فراوانخوازی رژێمە یەک بەدوایەکەکانی ئێراقە بووە). نەخێر، لەبەر ئەوەی دەمانەوێ ئامانجێکی وجودیی لە دۆخی سەربەخۆبوونماندا بەدیبهێنین کە سەروەریی نیشتمان، ئەقڵ و هزرو گەل و کولتور و زمان و ناسنامەمان دەگرێتەوە.

ئەگەر چاودێرێکیش بپرسێ: بۆ کورد لە ئێستادا دەیەوێ جیابێتەوە بەرەو سەربەخۆیی؟ من دەڵێم ئێمە تەنها بەنیازو مەبەستی سەربەخۆیی راستەقینە هەنگاو دەنێین. تەنها لە پێناو رزگاری و سەربەخۆییدا، نەک لەبەرئەوەی نیگەران و گرفتمان هەیە لەسەر پرسیی "نەوت" یا کەرکوک و هەر خاڵێ کە هێشتاش کێشەو گرفتی لەسەرە. بەمانایەکی دیکە؛ پاڵنەرو هۆکاری دروست ویستی سەربەخۆیی، وەک باوەڕو بەشێ لە بەرکەماڵبوونی شوناسی ئێمەیە، نەک بەهانە دۆزینەوە بۆ داواکانمان. ئەگەر داواکانمان رەوان، مافن، نابێ پاساودۆزی لەرێی بەهانەو پەڵپگرتنەوە بکەینە میکانیزم سیاسەت.

نەخێر، ئێمە وەک گەل، نیشتمانێکی بەرپین دەرۆزیی ناکەین. دەست پان ناکەینەوە لە هێزگەلێ کە مافی چارەنوسمان بۆ پێناسەکات و پێمان بڵێ ئەوەندە مافتان هەیە. داواکانی ئێمە هێندەی

لەرەوایەتی مافەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەندەش بەندە بەباوەڕبوون بەخۆمان. ئیتر ئێمە کە ئێستا لەقۆناخی بنیاتناندایین، نەک قۆناخی بەرگری ساڵانی هەفتاو هەشتاو نەوەدەکانیش. ئەوکات ئاراستەی سیاسەت، گوتاری سەرکردایەتی بریتیی بوو لە سەلماندنی مافی ئێمە لە جوغزێکدا. کەواتە چارەنوسازی؛ بریتییە لەوەی ئێمە بەدەست و ویستی خۆمان، پێناسەی ماف و بوون و خواستەکانمان بکەین، وەلێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی داهاتووش. ئیدی بنیاتنان چەمک و خواستێک نییە کە لەنێو چەمکگەلی پێکەوەبوون یا جیابوونەوەدا پێناسە بکرێ، بەڵکو دەفری راستەقینەی سەربەخۆییە.

## ریفراندۆم وەک ئیرادەی سەربەخۆیی

کێشەی هاوشێوەی کورد لە دەوڵەتە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەکانیشدا دەبینرێ. هەر وڵاتەش بەجۆرێ چارەی کردووە، بۆ نموونە "کەنەدا" بە مۆدیلی "دیموکراسی فرە ئیتنیکی" یافرە کولتوری (فرەزمان) ساڵانی هەشتاو نەوەدەکان ساڵانی تاریکی خۆی تێپەڕاند، کاتی فەرەنسی زمانەکان وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان دەکرا. سیاسەتی فرە کولتوری، سەربەخۆیی هەرێمایەتی و زمان وایکرد کێشەکە زۆر کاڵبێتەوە، کەچی لە ریفراندۆمی ساڵی (١٩٩٥) دەنگدەرانی کیوبیک کە نزیکەی (٧)
ملیۆن کاتۆلیک بەرامبەر(١٨ %) دانیشتوانی ئینگلیززمان دەبوون، ئەوەندەیان نەمابوو سەربەخۆبن! جگە لەوەی تا ساڵی (٢٠٠٦) یش وەک هەر هەرێمێک مامەڵە لەگەڵ کیوبیکدا دەکرا، بەڵام لەو ساتەوە لەژێر چارتەری (UN) دا مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی (national self-determination) پێبەخشراوە. واتە، وەک نەتەوەیەکی جیاواز (بەمانای زۆرینەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، خاوەنی تایبەتمەندێتی "زمان، کولتورو نەریت"ە) هەژمارکراوە. بۆیە لەبەڵێنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا "مافی بڕیاری چارەنوس"یان پارێزراوە. حکومەتی کەنەدیش ناتوانێ رێگربێ، ئەگەر بە ریفراندۆم داوای سەربەخۆییکەن. چونکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی هەیە فشار بخاتە سەر حکومەتی کەنەدا.
ئەگەرچی تائێستاش "حزبی کیوبیک خوازان" داوای سەربەخۆیی سەرتاسەریان نەکردووە، بەڵام مافی سەربەخۆی تەواویان هەیە. بێگومان چاودێران پێیانوایە سەربەخۆیی کیوبیک مەسەلەیەکی دوورە، بۆیە هەر لەو دۆخەی ئێستادا دەمێنێتەوە. وەلێ ئەمە لە روانگەی خەڵکی کیوبیک خۆیەوە نییە. ئەگەرچی خەڵکەکەی ناچەوسێنرێنەوە، لەژێر فشاردانین، مافی خۆیانە داوای سەربەخۆیی بکەن.
کەواتە بۆ سەربەخۆییان دەوێ؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ویست و خواستێکی کولتوری و زمانەوانی و نەتەوەییان هەیە. بێگومان هەمان حاڵ بە ئێراق | کوردستان بەراورد ناکرێ، وەلێ گریمان ئێراقێکی دیموکراسیش بێ، هێشتا نابێ ساردو کەمتەرخەمبین لە بەدیهێنانی خواست و ئاواتەکانمان. ئەگەر وەک هاووڵاتیەکی یەکسانیش لەدەستوردا مافمان هەبێ، هەقی خۆمانە هەربەوەندە رازی نەبین!
کەواتە مافی سەربەخۆیی لەجیابوونەوەدایە، وەک ئیختیارێکی زاتی، نەک ناچارەکی و بەتۆبزی. ناچارکردن بەجیابوونەوە وەک پێکەوەژیانێکی بەتۆبزیە. ئەوەی گەلی کوردستان دەبێ داکۆکی و پێداگیری لێبکات سەربەخۆییە. ئیرادەیەکی گشتییە کە سەرپشک و بڕیاردەرە، نەک ناچاریی مانەوە یا جیابوونەوەیە، لەکاتێکدا ئیختیاری پێکەوەژیان لەم قەوارەیەدا نەمسۆگەرە نەشانسی سەرکەوتنی هەیە. هەر ئەمەش باگرانییەک بووە بۆ خەڵکی کوردستان و سیاسیەکانمان کە بەردەوام پاکانەکاری بکەن کە "جیاخواز" نیین! لەکاتێکدا پرسی گەلی کوردستان لەجیابوونەوە گەورەترە، گەلی کوردستان کەمینەیەکی زمانەوانی یا نەژادی(ئیتنیکی) نییە کە ناچار بکری پێکەوەبژی یا جیابێتەوە. بەڵکو نیشتمان و گەلێکە کە دەیەوەی ئیرادەی خۆی لە سەربەخۆیی و خاوەندارێتی خۆیدا بەرجەستە بکات.

سەرچاوە : ماڵپەری گوڵان / رێکەوتی : ١٥ی نوامبری ٢٠١٢

# ئازادیی رادەربڕین



وەرگێر: هوشەنگ قادری

ئازادیی رادەربڕین، بە بناخەی یەکێک لە ئازادییە مەدەنیەکان چاو لێ دەکرێ، کە هەڵگری هەردوو پەیوەندی نووسراوە و گوتارییە، لە زۆربەی پێناسەکان بریتییە لە خۆنواندن جیا لە زمان وەک جلوبەرگ، هەڵپەرکێ و موسیقاش دەگرێتەوە.
لە یەکەم روانین، ئەو روانگەیە هەیە کە لە گەڵ دیمۆکراسی پەیوەندی ئاشکراو راستەوخۆی هەیە: رادەربڕینی ئازاد پێویستی دیمۆکراسی و دیمۆکراسی پێویستی بە رادەربڕینی ئازاد هەیە. بە پێچەوانەی، سیستمە تەواو خوازەکان لە ئازادی رادەربڕین بەرگیری دەکەن چونکە هەرەشە لە سەقامگیری ئەوان دەکات. سەدەی بیستەم پشت راستی دوایین حوکمی خۆی دەکا. بۆ نمونە لە شۆرەوی یەکگرتوو( رابردوو) هەرجۆرە رادەربڕینێکی سیاسی- لە رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، کتێبەکان، رادیۆ، تەلویزیۆن، لە ژێر زەختی رێبازی کمونیستیدا بوون: هەموو کەڵتورە گشتییەکانیتر وەک ئەدەبیات، موسیقا، هەڵپەرکێ و هونەری وێناکردن دەبوایە رادەربڕینی "واقع خوازی سوسیالیزمی" هەبێ. بەو هۆیە کە چاپەمەنیەکان، رادیۆ و تەلەویزیۆن، گروپەکانی سەما، شانۆکاری، و هاوشێوەکانیان، هەموو لە خاوەندارێتی دەوڵەتدا بوون، زۆرتری دژبەران یان جیا بیران دەتوانرا لە شێوی بێبەشکردنی ئەوان لە ئامرازەکانی رادەربڕین بێدەنگ بکرێن.

لەو سەردەمەی کە " یوسیف استالین" لە سەر تەختی دەسەڵات بوو، واتە لە سەدەی ١٩٣٠ تا سەرەتای سەدەی ١٩٥٠ ، دژبەرانی سیاسی و بنەماڵەکانیان لە مەترسی تیرۆر، دادگایی کردنی دروستکراو، و دوور خستنەوە بۆ سیبریادا بوون.

ترسی شۆرەوەی لە ئازادی رادەربڕین بێ هۆنەبوو. چونکە بە دابەشکردنی نووسراوەکانی جیا بیران بە چەشنێک لە دەرەوەی کۆبونەوە رەسمیەکان، لە شێوەی نامیلکەی شاراوە و چاپکراو یان دەس نووس، بە هێنانی هەوڵی زیاتر لە وڵاتانی جیا لە کۆمونیستی، بەیارمەتی تیکنۆلۆژی تازەی وەک ماهوارە، هاوڵاتیان توانیان وینەیەک لە بارودۆخی دڵتەزێنی خۆیان بە دەست بێنن، نارەزایەتی خۆیان دەربڕن، و لە روبەرووی دەوڵەت یەکگرتووتربن. بە پەرەسەندنی ئازادی رادەربڕین لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩٨٠ ، حکومەتی کۆمونیستی لە بەریەک هەڵوەشایەوە.ئەمە بەگشتی، هەرکاتێک بە چاوێکی ئاوەڵاترەوە برانین، دەبینین کە لە روانگەی مێژوویی و لە روانگەی تیئۆری کە پەیوەندی نێوان دیمۆکراسی و ئازادی رادەربڕین بەوشێوەیەی کە لە یەکەم بۆ چون چاو لێ دەکرێ بە تەواوی پتە وئاشکرا نیە؛ هەروەها لە بابەت ئەو بەڵگانەی کە بە سودی ئازادی رادەربڕین پێشکەش دەکرێن جیاوازی بۆ چوون هەیە. زۆرجار بۆ ئازادی رادەربڕین چووار بەڵگە دەخرێنە روو: یەکەم، ئازادی رادەربڕین یارمەتی پەرەسەندنی کەسێتی تاک دەکات. دوو، بووار بۆ راست وێژی دەرەخسێنی. سێ، پێش بە خراپ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت و چووارەم، یارمەتی بە هاوڵاتیان دەدا تا بەشدار بن لە دارشتنەوەی سیاسەت و هەڵبژاردنی هوشیارانە.

فیلسوفانی کۆن لە یونان و رووم لە گەڵ سێ بۆچوونی یەکەم دژایەتیان دەکرد. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، روانینی ئەفلاتوون و ئەرەستوو ئەوە بوو کە ئازادی ئاوەڵا هەڵسوکەوت و گوتارێ یەکسانی تاکەکان دەبێتە هۆی داروخانی مرۆڤەکان نەک پەروەردە بوون وپێگەیشتنی ئەوان، لە روانینی ئەفلاتوون و ئەرەستوو، نەرخ و گرینگی، یان سەرەوەری مرۆڤەکان، بە هاوکاری یاسای ناچارکردن بە کردەوەی باش و نەهێشتنی کردەوە خراپەکان بە باشترین شێوە پەروەردە دەکرێن. ئەوان بەو شێوەیە بیریان نەدەکردەوە سەبارەت بە نەرخ و گرینگی راستەقینە بتوانرێت گوشار بەکار بەرن، چونکە هەر کردەوەیەک تەنیا لە شێوەی نەرخ و گرینگی پێدانە کە هەڵبژێراوبێ. بەلام ئەوان بەم شێوەیە دەیان روانی کە ئازادی خێرکردنێکی مەرجدارە، تەنیا لە شێوەیکدا خێرە کە لە رێگای مەبەستدار و دروست بەکار ببردرێت.

پێشینیان لەو بارەوە هاورا بوون کە لە رێی ئازادی رادەربڕین دەتوانرێ راستەقینە بوون بە باشترین شێوە دواکەوتنی بۆ بکرێ. بەڵام تەنیا کەسانێک دەتوانن ئەم کارانە بەرێوە بەرن کە لە پەروەردەو فێرکاری شیاو بەهرەمەند بووبن. ئەوەی دیکە ( ئەو کەسانەی کە راهێنانی دروستیان نەدیوە)، رەنگە لە رێگەی دەربرێنی شەرتی بێ بنەما گومرا ببن، و هەرکات پێش بە فێرکاری نادروست بگرن شیمانەی ئەوەکە فێرکاری دروستیان قەبووڵ بێ زۆرترە. زۆرتر لەوە، ئەوان لە سەر ئەو باوەرە بوون کە خودی حەقیقەت بۆ وڵاتێک هەمیشە خێر نیە. بۆ نمونە ، ئەفلاتوون لە کۆمارێک راهێنان دەکات کە تەنانەت باشترین وڵات بە " درۆی شەرافەتمەندانە" ئەفسانەکانی پیویست بۆ دڵگەرم بوونی نیشتمان پەروەری و رەوایی دانیان پێویستە.

سەبارەت بە خاڵی سێهەم، واتە رۆڵی" پێش لێ گرتن" فیلسوفانی کۆن، لەگەڵ ئەوەی بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی چرپونەوە سەرەنجیان دەدا، پەروەردەکردنی کەسیەتی دەسەڵاتدارانیان بە گرینگتر لەوە دەزانی کە ئەوانیان لەسەر بنەمای داب لەگەڵ پێشگرتن رەبەرووبکەنەوە. ئەوان زیاتر بە چۆنیەتی سیاسەتوانەکان دەدا تا چۆنیەتی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

ئەوەی ماوە ئاماژەی پێ بکرێ خاڵی چووارەم، واتە رۆڵی هوشیارانەی خەڵک لە حکومەت، بەیەکێک لە بەڵگە ئەساسی و بنەرەتیەکان سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین دێتە ئەژمار. بیردارێژانی رابوردو و ئیستا بەئاشکرا لەو بارەوە بۆ چوونی وەک یەکیان هەیە: بە لە بەر چاوگرتنی ئەوە کە حکومەت دەگەڵ وەریایی، و تاکەکان بە شێوەی هاڵاتیانێک بەهرەمەند لە هەڵومەرجی پەرەسەندندا بن، هەموو تاکێک دەبێ پێشنیاری نواندن لە بواری سیاسەتی گشتی، هەوڵدان بۆ دەستە بەر بوونی ئەوان، و رەخنە گرتن لە مەیدانی سیاسەتی گشتی ئازاد بێ.

" الکساندر میکلجان" لە سەدەی ١٩٤٠ لە لێکدانەوەی " یەکەمین چاکسازی یاسای بنەرەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان" لە سەر ئەو خاڵە پێداگریان دەکرد: لە رادەربڕینی سیاسی دەبێت بەشێوەی تەواو پشتیوانی بکرێت. بەڵام، هەر بەو شێوەی کە " میکلجان" قەبووڵی بوو، هێزی ئەم بۆچوونە تەنیا دەربرێنی سیاسی دەگرێتەوە؛ هیچ جۆرە بانگەشە کردنێکی تایبەت سەبارەت بە پشتگیری کردن لە شێوەکانی رادەربڕین، بۆ نمونە لە زۆرترین بوارەکانی " کلتووری " یان نیە. بە گوێرەی ئەم جیاوازیە زانکۆیەک کە هەمووان بتوانن لەوێ رێگە پێدا بکەن نابێت ووتەگەڵی خوێندکاران سنووردار بە شتێک بکەن کە خۆیان ئەمە" لە روانینی سیاسەتی دروست" چاو لێدەکەن، بەڵام دەکرێ شێوەیکی تایبەت بۆ جلوبەرگ بسەڵمێندرێت و موسیقیەکانیان بە شێوەیکی کە خۆیان پێیان باشە سنووردار بکەن.

ئەوکاتەی، هێزی ئەم بۆچوونە بۆ ئازادی رادەربڕین زۆرتر لە حکومەت بە مانای گشتی ووشە سەرچاوەی گرتووە تا لە دیمۆکراسی، واتە، هەرجۆرێک لە حکومەت، دەسەڵاتداران، ئەگەر بەراستی دەسەڵاتدارن و بریارە کە جۆرێک ژیرانە دەسەڵاتداری بکەن، دەبێ لە نیوان خۆیاندا ئازاد بن تا بە قسە کردن سەبارەت بە سیاسەتی گشتی رابگەن. لە دیمۆکراسیدا، دەسەڵاتدار هەمان خەڵکە، لەم روانگەوە ئەوانن کە دەبێت لە ئازادی رادەربڕین بەهرەمەند بن. تەنانەت لێرەدا لەگەڵ نەمایەکی" پارادۆکس" بە ناوبانگ روبەروو دەبین.

ئەگەر دیمۆکراسی بەدەسەڵاتی خەڵک، یا دەسەڵاتی کۆمەلێکی زۆرە، دەزانین، بۆچی زۆرینەی خەڵک ناتوانن بریار بدەن کە نایانهەوێت شتێکی زیاتر سەبارەت بە بابەتە تایبەتەکان گوێ بیست بن و خوازیاری چوارچێوەدار کردنی ئازادی رادەربڕینن؟ بۆ نمونە ئەو روانینە هەیە کە سەرکوتی بەربڵاوی ئازادی رادەربڕین لە لایەن فاشیزمەکانی ئاڵمان و ئیتاڵیا لە دەیەی ١٩٣٠ و دەیەی ١٩٤٠ لە پشتگیری خەڵکی بەهرەمەند بووە. بە هەمان شێوە، لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلام، بۆ نمونە نەتەوە دیمۆکراتیکەکان، زۆرینەی هاندەرانی بە گورۆتین لە قەدەکردنی کتێبی " ئایاتی شەیتانی" سەڵمان روشدی ١٩٨٨ ، کە ئیسلام وقورئانی بەر هێرش دابوو، پشتیوانیان کرد. لە راستیدا، بابەتی ئازادی بەربڵاوی رادەربڕین تەنیا بە پشتیوانی گۆرانکاریە زانستییەکانی سەردەمی" رۆشنبیری" لە سەدەکانی هەفدەهەم و هەژدەهەم- گۆرانکارییەک لە سەر بوونی پێوەری ورد سەبارەت بە ناسین، واتە لەسەر " شێوازی زانستی" پێداگریان هەبوو زیاتر لەوەش لە سەر کەسیەتی وپێگەی مرۆڤ پاڵپشتیان دەکرد- هێزی گرت و لە گەڵ دیمۆکراسی پەیوەست بوو. شێوازی زانستی، لە گەڵ قازانجە زۆرەکانی بۆ بەرگری نەتەوەیی وئاسودەیی مادی، ئەم راستیە تازە پێناسە کراوە بە شێوەی ئامانجێکی دیاری کراو دەردێنێ کە بۆ کۆمەڵگای سیاسی گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. لەوەی کە ئازادی رادەربڕین پیویستی لێکۆڵینەوەیکی راستی زانستیانەیە، پشتگیری گرتن لەوە بەشێوەی دەستوورێکی دڵنیایانەتری لێ دەرهات.

بەلام، ئەو شتەی کە هەم بۆ ئازادی رادەربڕین و هەم بۆ پەیوەندی لەگەڵ دیمۆکراسی گرینگی زیاتری هەبوو، گومانێک بوو کە شێوەی زانستی لە ناوچەکەدا خوازیاری ناسینی پێکهێناوە. بۆ نمونە ئەگەر نەتوانین پاڵنەری حکومەت بە گوێرەی مافی خودایی یان مافی تایبەتی پایەبەرزان بسەڵمێنن، لە روی چ دەسەڵاتێکەوە دەتوانن تاکەکان لە هاوڵاتی بوون بێبەش بکەن؟ ئەوکاتانەی کە

ناتوانن سەبارەت بە نرخ وگرینگی مرۆڤایەتی یان رزگاری ئایینی شارەزایی تەواو و دڵنیایی بە دەست بێنن، لە روی چ دەسەڵاتێکەوە دەتوانن ئەم شتانە بەسەر تاکەکان بسەپێنن؟

بە گومانێک کە لە سەر سنووردارکردنی نەریت لە سەر هاوڵاتی بوون و بریاردانی ئەخلاقی پێکهات، پێداگری تازە سەبارەت بە کەسیەتی و پێگەی تاک گرینگی پەیداکرد. لە ئاکامدا، تێگەیشتنی کۆن سەبارەت بە پەیوەندی ئازادی و نەرخ و گرینگی گۆرانی بەسەردا هاتووە. نەک ئازادی بەڵکوو نەرخ و گرینگی بوو کە لە شێوەی خێری مەرجدا دەرهات؛ واتە ، نەرخ و گرینگی تەنیا لە شێوەیەک خێرە کە ئازادانە هەڵبژێردرێت. بۆ ئەو مەبەستەی کە هەڵبژاردنی ئازادانە بەرێوە بچێت، دەبێ بەدیلی جۆراو جۆرمان هەبێ و لە ئازادی ئیرادەی خۆمان کەڵک وەرگرین. بەو شێوەیەی کە " جان میلتون" لە نامیلکەی " آرئو پاگیتیکا" ١٦٤٤ ، یەکەمین پشتگیری بەر بڵاو لە ئازادی رادەربرین، ئاشکرای کرد، هیچ شتێکی پیاهەڵدان سەبارەت بە" نەرخ و گرینگی سنووردارکراو" کە بە زەحمەت پێوەری بۆ دەکری و لە بەردەم هەڵبژاردن دادەنرێت، بونی نیە.

هەر بۆیە گرینگی ئەقلانیەتی مرۆڤ تووش گۆرانکاری بوو. لە کاتێکدا، بە باوەری پێشینیان، ئاقلانە بوون نیشانەی ئەوە بوو کە مرۆڤ لە پلەبەندی سروشت لە سەروترین ئافەرینەکانە.

لە روانگەی نوێدا، ئەقلانیەت نیشانەی ئازادی مرۆڤ و سەربەخۆ بوونی ئەو لە یاساکانی هۆ( علت) و بەرهۆ( معلول) لە سروشتدا بوو. تەنیا وڵاتێکی ئازاد دەتوانێ شوێنێکی شیاو بۆ مرۆڤایەتی ئامادە بکا، بە هەمان شێوەکە "بندیکت اسپینوزا" دەڵێت، " لە وڵاتێکی ئازاد هەموو کەس دەتوانی بە هەر شێوەیک پێ خۆشە بیر بکاتەوە، و ئەو شتەی بیری لێدەکاتەوە بە زمان دەری برێت" وەها ئاوێتە بوونێک لە دڵنیایی و دوودڵی- دڵنیایی لە کەسیەتی تاک و شێوەی زانستی، دوودڵی سەبارەت بە تێگەیشتنی کۆنی نەرخ وگرینگی و رزگاری ئاینی- بناغەی دیمۆکراسی ئازادی خوازانەی پێکهێناولەگەڵ ئازادی رادەربرین لەیەک ئاست دانراوە. لە وەها حکومەتێکا، کە بۆ ئامانجگەڵی سنووردار لە ژێر برایاری خەڵکایە ، هەر چووار بەڵگەی ئاماژە پێکراو سەبارەت بە ئازادی رادەربرین مانەیکی تەواویان هەیە. ئازادی رادەربرین بە دواداچوون بۆ راستیەکان، کە رۆڵی دیاری کراویان لە حکومەتی دیمۆکراتیک هەیە، بە گونجاو دەزانی. ئازادی رادەربرین یارمەتی دەکات کە تاک بە شێوەی مرۆڤێک دەربێت کە خۆیان خوازیارن؛ چەمکە کانی داسەپاو لە بابەت نەرخ و گرینگی یان ئیمان نەشیاون و پێگەی تاک سووک دەکات. ئازادی رادەربرین ئەوە بۆ تاکەکان دەرەخسێنی تا ئەو حکومەتانەی کە تەنیا لە بەستێنێکی سنووردار دەسەڵاتی هەیە کۆنترۆڵ بکەن. و لەو چووارچێوەی ئەو سنوورە، ئازادی رادەربرین خەڵک بە هێز دەکا تا رۆڵی خۆیان وەک دەسەڵاتدار قەبووڵ بکەن.

وەرگیراو لە دایرةالمعارف دموکراسی

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ١٤ی مای ٢٠١٣

==================================================================

# سێ کێشەی ژنان لە تەواوی جیهاندا

وەرگێرِان لەفارسیەوە: لیمۆ بایەزیدزاە

## توندووتیژی....



رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ساڵێ لە رۆژی جیهانی ژناندا راگەیاندنێک بڵاودەکاتەوە. ئەو رێکخراوەیە لە ساڵی رابردوو جەختی لە سەر ئەم پرسەکردۆتەوە " کاتی ئەوە گەیشتووە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆتایی پێ بێت." بەسەرهاتی "مەلالە یوسف زی"خوێندکاری تەمەن ١٥ ساڵ، کە بە هۆی پشتیوانی لە مافی خوێندن بۆ ژنان، کەوتە بەر فیشەکی لاینگرانی تالبان لە پاکستان، ئەو خاڵە وەبیر جیهان دێنێتەوە، ئەو پەیمانەی کە گەڵ کچان بۆ خوێندنی یەکسان بەستراوە نە تەنیا لە نێو تایفە و هۆزەکانی پاکستاندا بەڵکوو لە هەموو جیهان فرامۆش کراوە.هەروەها بەسەرهاتی ئەو ژنەی لەلایەن چەند لاتولووتێک لە ناو پاسێکدا دەکەوێتە بەر دەستدرێژی و تەرمەکەی لە یەکێک لە شارەکانی هیند فرێ دەدرێت، ئەو بابەتە وەبیردەخاتەوە کە کاتی گۆرانکاری بە سەر ئەم دۆخەدا چ لە هیندوستان و چ لە باقی وڵاتانی دیکە هاتووە.

لە هیندوستان هەزاران کەس دژی ئەو تاوانە خۆپێشاندانیان کرد تا پۆلیسی ئەو وڵاتە ناچار بکەن کە لێکۆڵینەوەکان لە سەر دەستدرێژی بۆسەر ژنان کە ساڵانێکی زۆرە لە سیستەمی دادوەری ئەو وڵاتە فەرامۆش کرابوو وەخۆ بخاتەوە . ئەو خۆپێشاندانە بۆ هۆی هەڵایسانی بزوتنەوەیەک لەئەندۆنێزی ئەگەرچی بچووکیش بوو. بەڵام شارۆمەندانی ئەو وڵاتە رژانە سەر شەقامەکان لە دژی قسەی یەکێک لە بەرپرسانی باڵای دادوەری کە وتبووی "ژنان لەوانەیە خۆیان چێژ لە دەستدرێژی وەربگرن". لە لایەکی ترەوە ژنان لە دوو ساڵی رابردوودا رۆڵێکی گرینگیان لە شۆرشەکاندا هەبووە. بەڵام ئەو بەشدارییەی ئەوان لایەنی نێگەتیفیشی هەیە: لە میسر ژنانێک کە ورەی ئەوەیان بوو کە پەیوەست بن بەو نارەزایەتیانەی دژی دەسەڵاتی قاهیرە روویدا، رووبەرووی کێشە و هەرەشەی ئەمنیەتی _ جینسی دەبوونەوە.

گۆرەپانی تەحریر بەهۆی ئەوەی ژنان بەشێوەی بەردەوام رووبەرووی ئازاری جینسی دەبوونەوە ببوە شوێنێکی ترسنا، بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە شارۆمەندانی مەدەنی حەولیان دەدا بەر بەو ئازار و ئەشکەنجە بۆسەر ژنان بگرن و ژنان لە بەرامبەر هەر هێرشێک بپارێزن. چەندین گرووپ بۆ بەرگری لەو جینایەتانە پێک هات و ژنانێکی زۆر رزگاریان بوو. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێکی زۆر

زانیاری گشتی سەبارەت بە ئازاردانی جینسی ژنان کە بە جۆرێک بەنهێنی مابووەوە، پەردەی لە سەر لابراو ئاشکراکران. هەروەها هەزاران کەس بە خواستی خۆیان و خۆبەخشانە ڕێکخراوەیەکیان پێکهێنا تا بەرەنگاری هەرکردەوەیەک کە لە گۆڕەپانی تەحریر دژی ژنان دەکرێت بوەستنەوە.
وێرای هەمووی ئەم ڕەوشانە، ژنان لە سەرتاسەری جیهان خەریکی خەبات دژی ئەم توندووتیژیانەن. بەراستی چ هیوایەک هەیە بۆگۆڕینی ئەو باردۆخە؟

## کار "پیشە"

ژنان بە چالاک بوونیان لە بواری بازرگانیدا نەتەنیا بەرەنگاری کەلتووری جیاواز بوونەوە، بەڵکوو بە شکاندنی تابۆکان بەربەستگەلێکی زۆریشیان لە بەردەم خۆیان لابرد و لێی تێپەڕ بوون.



ژنانی خاوەن کاری وەکوو "میسر عیسا" لە "کەرانەی باختری"، لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی تازەی خۆیدا "کاسبکاری ماڵی خۆیانن". هاوسەرەکانیان بە تەنیایی ناتوانن هەموو پێداویستیەکان بۆ ژیان دابین بکەن. دووساڵ لەمەوبەر "میسرعیسا" بە وەرگرتنی وامێکی هەزار و چوارسەد دۆلاری دووکانێکی بچووکی کردەوە و توانی بە خێرایی تەواوی قەرزەکانی بداتەوە . ئەو توانی بە وەرگرتنی وامێکی تر پەرە بە بازەرگانی خۆی بدات و بۆ هاوسەرگیری کوڕەکانی پاشکەوتیشی هەبێت. خستنەڕووی ئامارێکی درووست لە چالاکی ژنان لە بواری ئابووریدا کارێکی زۆر ئەستەمە، بەڵام بەرچاوروونییەکان وا نیشان دەدات کە چالاکی ژنان روو لە زیاد بوونە و ئەمڕۆکە ژنان ٥ تا ١٠لە سەدی چالاکییە ئابووریەکانیان لە شوێنە ڕەسمیەکان بە دەستەوەیە. لە کاتێکدا کە ئەو ئامارە لە شوێنە نارەسمێکان دەگاتە "سی لە سەد".
ژنان بە چالاک بوونیان لە بواری بازرگانیدا نەتەنیا بەرەنگاری کەلتووری جیاواز بوونەوە، بەڵکوو بە شکاندنی تابۆکان بەربەستگەلێکی زۆریشیان لە بەردەم خۆیان لابرد و لێی تێپەڕ بوون
بەڵام بەردەوام دەبێت ڕێگایەکی درێژماوە تێپەڕ بکرێت. لە بەرئەوەی کە ئێستاش وەرگرتنی حەقدەستی یەکسان بۆ ژنان لە ئاست پیاوان تەنانەت بۆ ژنانی خوێندەواریش وەکوو کۆسپێکی گەورە دێتە ئەژمار، لە ڕاپۆرتێکی ناوەندی چاوەدێری لە کۆلۆمبیا باسکراوە تەنانەت ژنانی خوێندەوار کە خاوەن پیشەن لە ئامریکای لاتین لە بەشەکانی پەروەردە، دەرمانی و بەشەکانی تری وەکوو چێشتخانەکان حەقدەستێکی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن لە ئامریکای لاتین پیاوان لە دۆخی تەمەنی و خوێندەواری یەکساندا، نیزیک بە حەڤدە لە سەد لە مانگدا حەقدەستی زۆرتر لە ژنان وەردەگرن. هەڵبەت ئەو دۆخە لە چاو ئامارێک کە لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی کە ٢٥ لە سەد بوو روو بەکەمی چووە، بەڵام پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە زۆری پێ دەوێت. "ئیزابێل لندۆنۆ"یەکێک لە پسپۆرانی بواری ژنان دەڵێت:" کێشەی سەرەکی ئەوەیە لەو شوێنانەی کە هەست پێ دەکرێ دەبێ پیشەیەک کە لە ئاستی بەرزدا بوونی ئەوە ئەم شوێنە لە ژێر دەسەڵاتی پیاو دایە. لە ئوروپا، ژنانی ئیتالیایی لە چاو ئەو پیاوانەی کە لە یەک ئاستی کاری دان بۆ گرێبەستی کاری بە شێوەی کاتی لەگەڵ خاوەن کار شانسی زیاتریان هەیە. بەڵام لەو کاتەوە کە ژنان بۆ پیشەی کاتی زۆرتر کەڵکیان لێی وەردەگیرێ (کە دوای هەڵاوسانی ئابووری زیاتر خۆی دەردەخات) زیاتر لە رابردوو تووشی خەسار دەبن.

## بۆچوونە نەگۆڕەکان

وێرای پێشکەوتنی زۆر و بەکردەوە دەرهێنانی ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتێکان لە زۆربەی وڵاتان وەکوو کێشەیەکی سەرەکی دێتە ئەژمار. لە ئەفغانستان تەنانەت بە دوای تێپەڕ بوونی ١٠ساڵ هەوڵی سیاسی و پەروەردەیی هەروەها تەرخان کردنی چەندین میلیۆن دۆلار بۆ بەرێوە بردنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی ژنان هەر کەمە. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێک لە سەر داخوازی گۆڕانگاری لە یاسادا، لە سەر ئەو خاڵە پێداگری کردبوو کە زۆربەی ژنان لە لایەن بنەماڵەکانیان دەکەونە بەر ئازارو ئەشکەنجەو زیندانی دەکرێن.
لە لایەکی دیکەوە، ژنان و تەنانەت ئەو کەسانەی لایەنگرانی مافەکانیانن لە کۆمەڵگا سوونەتێکاندا سەرکەوتنی بچووکیان بە دەست هێناوە، بۆ وێنە لە وڵاتی عەرەبستان هەرچەند یاری کردنی ژنان لە تەنیشت پیاواندا ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام گۆڕانکاری گرینگ هاتۆتە ئاراوە.
"لامیا عبدوول کەریم" یەکێک لە ژنە بازەرگانەکانی وڵاتی سعودیە کە هەوڵی زۆری بۆ پێکهێنانی تیپێکی تۆپی پێی ژنان لەو وڵاتە داوەو لەم بوارەدا دەڵێت "وەرزش دەلاقەیەکی بچووکە بۆ بەرەو ڕیفۆرم چوون". کاربەدەستانی باڵای سعودی و کۆمەڵگای ئەو وڵاتە نیگەرانن کە بەشداری ژنان لە وەرزشە جۆراوجۆرەکاندا ڕەوشتەکانی وڵاتی سعودی وەکوو شێوازی پۆشینی جل و بەرگ و جیایی ڕەگەزی لە شوێنە گشتییەکان لە ناو ببات بەهۆی ئەوەی کە کچان بە کارامەیی خۆیان دەتوانن سەرکەوتنی زۆرتر بە دەست بێنن.

سەرچاوە : ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات / ڕێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی



رایان عوسمان

قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی وەک بەرهەمهێنی کۆمەڵگای سیاسی لەئەمڕۆدا زیاتر گرنگی خۆی هەیە ، بەو پێیەی کۆمەڵگای سیاسی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی دا توندوتۆڵ ئەکاتەوە. هەڵبژاردنیش وەک خۆی زەمینە بۆ ئەو پەیوەندییانە خۆش ئەکات. دەبێت بڵێین کاتێک کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمهێنی کۆمەڵگای سیاسییە، بۆچی تادێت لەچاو کۆمەڵگای سیاسیدا بەرتەسکتر دەرئەکەوێت، ئەو هۆکارانە کامانەن رێگرن لە فراوانی فەزای مەدەنی و چالاککردنی کۆمەڵگای سیاسی.

بەئاوڕدانەوەمان لەمێژوی کۆمەڵگای کوردی دەبینین هەمیشە فەزای مەدەنی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای سیاسیدا کوژراوە و نەیتوانیوە بەشێوەی سەربەخۆ لەهەوڵی گوتارسازی خۆیدا بێت. هەمیشە وەک فەزایەکی جیا تایبەتمەندییەکانی خۆی نەپاراستوە و ئاراستەکانی لەکۆمەڵگای سیاسییەوە وەرگرتوە. ئێستاش دەبینین بەشێک لەچالاکی و گوتارەکانی کۆمەڵگای سیاسی تەرخان دەکرێت بە گوێگرتن و هانا بردن بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و باس لەوە دەکرێت کۆمەڵگای سیاسی چەند پێویستی بە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە . دەمەوێت ئەوە دەربخەم کۆمەڵگای سیاسی ئێمە هەمیشە ئاوڕی لە فەزای مەدەنی نەداوەتەوەو لەبەرانبەریشدا فەزای مەدەنی فەزایەکی پاشکەوتو بێهێز بوە کاریگەرییەکی وای لەسەر ئاراستەی سیاسی نەبوە، بەم هۆیەوە ئەو پەیوەندییەی بنیادی کۆمەڵگاکانی جیهانی لەسەر نراوە لەکۆمەڵگای ئێمەدا لاواز بوە و کۆمەڵگای سیاسی تەنیا لەو ئاراستەیەوە گرنگی بە کۆمەڵگای مەدەنی داوە بەرژەوەندی و خواستەکانی لێوە بەدەست بهێنێت.

پێویستە باس لەو بارودۆخە بکەین کە گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی لەناو بردوە ئەویش بەشداری سیاسی نادوربینانەی هاوڵاتیانی کوردە کە هەمو پارتێکی سیاسی هەوڵ ئەدات دور لەئایدۆلۆژیاکەی خۆی زۆرترین ژمارەی ئەندامی هەبێ. ئەم ترسە لەزۆرترین بەشداریکەری سیاسی کۆمەڵگای کوردی ترسێکە کۆنترۆڵ ناکرێت و ئەمە بەقازانجی کۆمەڵگای سیاسی تەواو ئەبێت، چونکە زۆرترین تواناکانی تاک لەم کۆمەڵگایەدا ئاراستەی فەزای سیاسی ئەکرێت.

لەلایەکی تریشەوە لەناو خودی کۆمەڵگا سیاسییەکەدا پەراوێزخستنی زۆرینە لەلایەن کەمینەیەکی دەسەڵاتدارەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەندامانی پەراوێزخراوی نێو کۆمەڵگا سیاسییەکە وەک هاوڵاتی مەدەنی چاویان لێدەکرێت. ئەمانە وایانکردوە ئەو شتەی ناوی کۆمەڵگای مەدەنی بێت لەناو بچێت. هەڵبژاردن بەشدارییەکی سەرلەبەری تاکەکانە لە کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پشکداربونیان لە کۆمەڵگای سیاسی. ئەم بەشدارییەش پێویستە هاوڕێ بێت لەگەڵ هوشیارییەکی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنیدا. مەبەست لێرەدا ئەوەیە تاکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ویستی ئەوەیان هەبێت لەو بەشداری کردنەدا ئیرادەی خۆیان بەکاربهێنن و فریوی کۆمەڵگای سیاسی نەخۆن. وابزانن ئەمە تەنیا چانسی ئاڵوگۆڕی تواناکانیانە، تەنیا مافێکە چوارساڵ جارێک دەتوانن هەیان بێت. بەداخەوە تاکی کۆمەڵگای ئێمە هەست بەگرنگی ئەم بەشداری و توانای گۆڕینی دەسەڵاتە لە هەڵبژاردن دا ناکات، هەست ناکات تەنیا دەسەڵاتێک لە سەروی هەمو دەسەڵاتەکانەوە هەبێت دەسەڵاتی گەلە، چونکە کاری زۆر کراوە بۆ کوشتنی ئیرادەی گەل.

ئێستا کۆمەڵگای سیاسی پتر لە هاوڵاتی نزیک ئەبێتەوە و داوای بەشداری سیاسی لێدەکات، لەهەمو کات ئامادەترە ناڕەزاییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەر چاوبگرێت بەڵام هەر ئەم فەزا سیاسییە دوای پرۆسەکە پاشاگەردانییەکانی دەست پێدەکەنەوە و درێژە بە بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەداتەوە. لێرەدا گرنگە بەو بەڵێنانەدا بچینەوە کە کۆمەڵگای سیاسی بەر لەهەڵبژاردن ئەیدەن، بزانین تا چەند توانای هێنانەدی ئەو دروشم و پرۆژانەیان هەیە. تاچەند دەتوانن کار لە گۆڕینی سیستمی دەسەڵات بکەن. بەوەش بۆمان دەردەکەوێت کێ لەوان دەتوانێ لەئاست هێنانەدی هەمو ئەو ئامانجانەدا بێت.

لەزۆرێک لە وڵاتانی جیهان دا ئەوەمان بینیوە کە هەڵبژاردن لەچاو هەمو ئەو بانگەشانەی بۆی کراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجامێکی وای لە گۆڕینی سیستمی وڵاتدا نەبوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین بەشداری کردنی هاوڵاتی لەم پرۆسەیەدا نابێت بەشدارییەکی بێ بەرنامەبێت، چونکە لێرەدا تاک بەدەستی خۆی کار بۆ تێکچونی بارودۆخی وڵات ئەکات. تێکچونی ئەم پەیوەندیەی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی لەوەوە دێت حەزێکی کوشندە بۆ لەناو بردنی فەزای مەدەنی لەلایەن فەزا سیاسییەکەوە لەئارادایە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش نەیانتوانیوە لەرێگەی خۆیانەوە فشار بۆ ئەم فەزا سیاسیە دروست بکەن. لێرەوە ئەو حەزە بەئاکام گەیشتوە. چاودێریکردنی کۆمەڵگای سیاسی لەلایەن فەزای مەدەنیەوە ئەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ پێشخستنی وڵات و لێپرسینەوەی دەسەڵات لەوەی کە ئەرکەکانی بەباشی راپەڕێنێت و کار بۆ هەمو گەل بکات.

ئەم گرنگیەی کۆمەڵگای مەدەنی وایکردوە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوخوازی جیهان یارمەتی کاری مەدەنی بدەن و پاڵپشتی لێ بکەن. بەپێچەوانەی ئێمەوە کە هەوڵ بۆ کوشتنی فەزای مەدەنی ئەدرێت. دوای هەمو ئەو پشتگوێخستنانەی کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن کۆمەڵگای سیاسییەوە دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە رێکخستنەوەی خۆی هەیە ، پێویستی بە کارکردن هەیە بۆئەوەی فشار بخاتە سەر کۆمەڵگای سیاسی تا هەوڵی بەهێزکردنەوەی گوتاری خۆی بدات. پێویستە هەمیشە بتوانێت لەفەزای سیاسیدا واخۆی دەربخات کە توانای فشارو گۆڕانکاری هەیە. لەئێستادا هەڵبژاردن وەک خۆی زەمینەسازییەکی دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندیەیە کاتێک کۆمەڵگای سیاسی ناتوانێت بەبێ پاڵپشتی کردنی کۆمەڵگا مەدەنییەکە هەنگاو هەڵگرێت. کۆمەڵگای مەدەنیش بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم بارودۆخە و پێویستە وا چاو لەم پرۆسەیە بکات دەتوانێت گۆڕانکاری بەرچاوی تێدا بکات.

ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە لەپەنا فەزای سیاسی دا نەیتوانیوە تائێستا درێژە بەخۆی بدات ئەمڕۆ دەتوانێت دام ودەزگاکانی لەو پێناوەدا تەرخان بکات دەتوانێت هێز بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. لەبەرئەوە لەم رێگەیەوە نەبێت هیچ گۆڕانکارییەک لە فەزای سیاسیدا چاوەڕێ ناکرێت. پێویستە کۆمەڵگای مەدەنیش کاربکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ ناو فەزای مەدەنی، چونکە وەک ئاماژەی پێدرا زۆرترین بەشداری سیاسی بێ گۆڕانکاری لەم وڵاتەدا هەیە ئەگەر ژمارەیەکیان بۆ فەزای مەدەنی تەرخان بکرێنەوە هەم سیاسەتێکی دروست و هەم پاڵپشتی فەزای مەدەنیش زۆرتر دەکرێت. بەمە دەتوانین ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگای مەدەنی گەشەی پێبدەین و لەو ترس و لەناوچونە بەردەوامانەی کۆمەڵگای سیاسی بیپارێزین.

لەمڕۆدا ئەوەی پێویستە بیخەینە بەرباس، میدیای مەدەنیە کە بونێکی ئەوتۆی نیە. ئەو میدیایانەی لە وڵاتی ئێمەدا چالاکییان هەیە میدیای سیاسین و بە پاڵپشتی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی کاردەکەن و ناتوانن رووداو و کیشەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک خۆی بگوازنەوە، بەمەش کێشە لە وەرگرتن و دانەوەی زانیاری لای هاوڵاتیانی ئێمەدا دروست ئەبێت. هەبونی میدیای ناسیاسی دەتوانێت لەو کێشەو کەموکورتیانەی کە ئێستا میدیا سیاسیەکان هەیانە رزگارمان بکات. زۆرجار لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنە دا بینیمان جگە لەسەروەری و پیاهەڵدان، میدیای سیاسی هیچ ئەرکێکی تری نیە و دەیەوێت بە هاوڵاتی بڵێت کێشەوکەموکورتی لەچاو ئەزمون و دەستکەوتەکان دا هیچ پانتاییەکی داگیر نەکردبو. کارکردن بۆ دامەزراندنی میدیای ناسیاسی (مەدەنی) پێویستییەکی گەورەی کۆمەڵگای مەدەنییە تاوەکو هۆشداری راستەقینە و دروست بداتە هاوڵاتی لەسەر کێشەکان بەمەش تاکی کۆمەڵگای ئێمە چیتر چەواشە ناکرێت و دەتوانێت لەهەمو هەڵوێستەکاندا خۆی هەڵبژێرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی / رێکەوتی : ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١١

# حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣-١٩٤٧)

حوسێن حوزنی موکریانی یەکێکە لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی کورد، نەک تەنها لە بواری مێژوودا، بەڵکو لە بواری رۆژنامەوانیی شدا شوێن دەستی دیارە، بە تایبەت لە بواری چاپەمەنی کوردی دا توانی خزمەتیکی بێوێنەی مێژووی کورد بکات.



حوزنی موکریانی لە ١٢ی ئەیلولی ١٨٨٣ دا لە گوندی حاجی حەسەن-ی سەر بە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەدایکبووەو ناوی تەواوی (حسێن سەیید عەبدوللەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیل)ە، نازناوی حوزنی- یشی لە وشەی حەزین-ی عەرەبیە وە وەرگرتوە کە واتای خەمبار دەگەیەنێت، نووسیینەکانی خۆی لە ساڵانی فەرمانرەوایی عوسمانییەکان دا بەو ناوەوە بڵاودەکردەوە. ئەم پیاوە لەبەر ئەوەی زۆر تینوی ئازادی بوو، گەشتی زۆر کردووە بۆ وڵاتانی تری وەک روسیاو ئەوروپاو حیجاز، لە پاش ماوەیەکی زۆر لە شاری حەلەب-ی سوریا جێگیر بووە.

پاشان لە ساڵی ١٩١٥ دا چووە بۆ ئەڵمنیاو لەوێ چاپخانەیەکی کڕیوە و دواتر ئەو چاپخانەیەی هبردووەتە حەڵەبو ساڵی ١٩٢٥، گەڕاوەتەوە بۆ (ڕەواندوز)و چاپخانەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە بۆ کوردستان و هەر بەو چاپخانەیەش بەرهەمەکانی خۆیو هاوڕێکانی بەچاپ گەیاندوە.

حوزنی موکریانی زۆر حەزی لە بەخێوکردنی کرمی ئاوریشمو جوانووسیی کردووەو دەستێکی باڵای لە هونەری هەڵکۆڵینی سەر بەردو تەختەو وێنەگرتنو مۆرهەڵکەندن یش دا هەبووە، تەنانەت ساڵی ١٩٢٨ کتێبێکی دەربارەی بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم نووسیوە.

حوزنی لە ژیانی دا لەسەر کوردایەتی چەند جارێک بەندکراوە، هەروەها چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی بە زمانی کوردی بە چاپ گەیاندوە وەک رۆژنامەی (کوردستان)، گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە ساڵی ١٩٤٧ دا، ساڵی ١٩٣٥ لە هەولێر (١١) ژمارەی گۆڤاری (رووناکی) دەرکردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٣، (٣٢) ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی دەرکردووە.

حوزنی موکریانی ساڵی١٩٣٤ بۆ هاوکاریکردنی پیرەمێرد بە شێوەیەکی نافەرمی سەرپەرشتی دەرچوونی رۆژنامەی (ژین - ژیان)ی کردووەو بەشداریی بەرچاویشی لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ) دا هەبووە.

مێژوونووس حسێن حوزنی، وێڕای کاری نووسینو رۆژنامەگەرێتی پێشڕەوی هەرە چالاکی مەیدانی هونەری فۆتۆگرافی یشە لە کوردستان دا، ناوبراو، کاتێ لە (١٩١٥) دا لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە حەڵەب، کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت و لە ناو چاپخانەکەی خۆیدا لە ڕەواندز دایدەمەزرێنێت بۆ کاری وێنەگرتنی رۆژنامەگەریی و بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە لە نێو کتێب دا سوودی لێوەردەگرێت.

ئەکرەمی ساڵحی رەشە، لە کتێبی سلێمانی دا دەڵێ: یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن حسێن حوزنی موکریانیو کابرایەکی لوبنانی-یەوە هێنرایە سلێمانیو شێخ لەتیفی دانسازیش لێیکڕین، لە زەمانی شێخ مەحمود دا بۆ ئیشوکاری خۆیان بەکاریدەهێنا وەک گرتنەوەی نووسین (استنساخ). پاشان ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی رەسام . ئیتر ئەو هەر بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا. بەڵام حسێن حوزنی لە سلێمانی کامێرایەکی دیکەی فرۆشتوتە شێخ لەتیفی دانساز . لە هەمان کاتدا کامێرایەکی تریشی لە ڕەواندز (لە چاپخانەکەی خۆیدا ) هەبووە بۆ کاری چاپەمەنی و رۆژنامەگەریی و وێنەگری ئیشەکانی خۆی، چونکە دەبینین حسێن حوزنی لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٤٢) دا دەیان ڕەسم و وێنەی فۆتۆگرافی لە رۆژنامەو کتێبەکانی خۆی دا بڵاوکردۆتەوە.

موکریانی ساڵی ١٩٠٩، پیتیی ئەلفوبێی کوردی دارشتوە و لە چاپخانەکەی دا بەکاریهێناوەو خاوەنی گەلێک کتێبی بەنرخیشە کە بە زمانێکی کوردی رەوان نووسراون.

حوزنی موکریانی . بە یەکەم مێژوونووسی کورد دادەنرێت لە سەدەی بیستەم دا، لەم پێناوە دا بۆماوەی پانزەساڵ بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵێکی بێوێنەیدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری مێژوویی لەبارەی مێژووی گەلی کوردەوە کە لە زمانەکانی عەرەبی، هندی، تورکی، فارسی، فەرەنسی و روسی دا هەبوون، لەو کاتەدا، لەبەرئەوەی خۆی شارەزاییەکی باشی لەم زمانانە دا هەبووە هەر لەم زمانانەشەوە گەلێک نوسراوی بە پێزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەم نووسەرە نەمرە لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا کە لەم پێناوەدا تەرخانیکردبوو بۆ خزمەتی گەلی کورد خاوەنی ١٧ کتێبی گەورەیە کە یانزە کتێبیان لەسەر مێژووی کوردە. موکریانی خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتەکانو تەکیەکانەوە دەستپێکردوە لەبەر لێهاتویی بەوەو نەوەستاوەو دەستیکردوە بە رۆشنبیرکردنی خودی خۆی لە رێگەی ئەو کتێبانەی کە بە زمانەکانی ترهەبوون لەو سەردەمەدا، گەلی کوردو مێژووی کورد گەلێک قەرزاری ئەم پیاوە ماندوو نەناس و کوردپەروەرەن کە لە ٢٠ ئەیلولی ١٩٤٧دا لە شاری بەغدا بە هۆکارێکی نەزانراو کۆچیدوایی کرد و تەرمەکەی هێنرایەوە شاری هەولێر و لە گۆڕستانی ئیمان محەمەد بە رێزێکی زۆرەوە بەخاک سپێردرا.

حوزنی موکریانی لە نێوانی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٤٧دا هەژدە پەرتووکی بەنرخی چاپکردووە کە زۆربەیان دەربارەی مێژووی کورد و کوردستانەو تا ئێستاش بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە.

بەشێک لەو کتێبانەی بەچاپی گەیاندووە:

* ئاورێکی پاشەوە، رواندز بەرگی یەک ١٩٢٩ ، بەرگی دوو ساڵی ١٩٣٠ .
* مێژووی میرانی سۆران، رواندز ساڵی ١٩٣٥ .
* مێرگەی دڵان
* خونچەی بەهارستان
* پێشکەوتن
* میرانی سۆران
* کوردستانی موکوریان
* بەکورتی هەڵکەوتی دێریکی
* لاپەڕەیەک لە دێریکی کوردستانی موکوری
* ناودارانی کورد

سەرچاوە : ماڵپەری کوردسات تی ڤی / رێکەوتی : ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١١

==========================================================================

# ستراتیژی گەشەپێدانی پەروەردەکردنی منداڵان لە ئوستورالیا

د. سەڵاحی گەرمیان/ سیدنی

(بە سوپاس و رێزێکی زۆرەوە بەرێز کاک دکتۆر سەڵاحی گەرمیان لەشاری سیدنی ئوسترالیاوە ئەم راپۆرتەی بۆ ئامادەکردووین تاکو ئێمە و خوێنەران زیاتر ئاشنابیمان هەبێت بە ئەزموونی گەلان، لەراستیدا ئەمڕۆ ئێمەی کورد لەهەرێمی کوردستان لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی گەلانی پێشکەوتووە لەگشت بوارەکانی ژیاندا، بواری پەروەردە و فێرکردنیش یەکێکە لەگرنگترین بوارەکان لەژیانی گەلاندا و ئاییندەی گەلانی لەسەر بنیات دەنرێت. دووبارە دەستخۆشی و رێز و سڵاومان بۆ کاک دکتۆر سەڵاحی گەرمیان).

سامان سیوەیلی

ماڵپەڕی دەروونناسی



هەروەک توێژینەوە زانستییەکان سەلماندویانە و زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و بواری پە روەردە جە خت ئەکەنە وە لەسە ری، ساڵانی سە رەتایی ژیان، کارتێکردنێکی زۆری هەیە لە دوارۆژدا بەسە ر تەندروستی، گەشەکردن، فێربوونی منداڵانەوە. ئەگەر بەشێوازێکی پۆزیتیڤانە ژیانی منداڵان دەستپێکات، گومانی تیادا نییە کە سودی ئەبێت نەک تەنیا بۆ منداڵ و خێزانەکەی، بەڵکو کۆمەڵ بە گشتی لە هە موو بوارێکدا سودمە ند ئە بێت.

نمونەی ئەوەش؛ کەمکردنەوەی خەرجی خزمەتگوزاری تەندروستی و زیادبوونی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئابوری و کەمکردنەوەی رێژەی سەرپێچیکردنی یاسا و ئەنجامدانی تاوان لەناو کۆمەڵدا.

لەسەر ئەو بنەمایە حکومەتی ئوسترالیا ١٤.٤ بلیون دۆلاری تەرخانکردووە بۆ بەرنامەیەکی درێژخایەن لەژێر ناوی (ستراتیجی نیشتمانی گەشە پێدانی سەرەتای منداڵی National Early Childhood Development Strategy) بە مەبەستی پێشکەشکردنی یارمەتی ساڵانە بۆ ٨٠٠ هەزار خێزانی ئوسترالی بۆ کەمکردنەوەی خەرجی پەروەردەکردنی منداڵانیان. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی ئوسترالی کۆنتراکتی بەستووە لەگەڵ ABC Learning کە گەورەترین لایەنی کەرتی تایبەتی وڵاتی ئوسترالیایە لە بواری چاودێریکرنی منداڵان و پەروەردەکردنیان و لە ڕێی ١١٠٠ سەنتەری تایبەتدا خزمەت پێشکەش ئەکات و زیاتر لە ١٦٠٠٠ کارمەند کارەکانی بەڕێوەی ئەبەن.

شایانی ئاماژەپێکردنە یارمەتیدانی ئەو خێزانەنانە کە پلانی چاودێری منداڵان ئەیانگرێتەوە و منداڵەکانیان ئەبەنە ئەو سەنتەرانەی لە لایەن دەوڵەتەوە مۆڵەت پێدراون بۆ بە جێهێنانی ئەو پلانە وەک سەنتەرەکانی ABC ، ئەوەش بە پێدانی مووچەیەکی تایبەت لە دەوڵەتەوە هەروەها بە داشکاندنی کۆمەڵێک خەرجی تری پێویست بە پەروەردەکردنی منداڵانەوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پلانی دەوڵەتی ئوسترالیا لە پێشکەشکردنی ئەم یارمەتی و پاڵپشتییە بۆ خێزانە منداڵدارەکان لەوەدایە، تا دانەبڕێن لە کارکردن و هیزی کار کەم نەبێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ناتوانن بەڵانسی نێوان خیزان و کارکردن ڕاگرن و پەروەردەکردنی منداڵ ناچاریان ئەکات کارەکانیان بە جێهێڵێن.

بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاشنا بوون بە شێوازی کارکردنی ABC Learning، سەردانی یەکێک لە سەنتەرەکانی لە شاری سیدنی و لە ناوچەی (سەڤن هێلز Seven Hills) مان کرد. ئەم سەنتەرە خزمەتی چاودێری و پەروەردەکردن بە منداڵانی تەمەن ٦ هەفتە تا تەمەنی ٥ ساڵی پێشکەش ئەکات، منداڵەکان دابەش ئەکرێنە سێ گرووپی تایەبەت بە گوێرەی قۆناغی تەمەنیان و هەر گروپێکیش بە شیوازێکی تایبەتی و جیاواز و بە پێی بەرنامەی داڕێژراو پەروەردەئەکرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

کۆرپەکان: ٦ هەفتەیی بۆ ٢ ساڵان

ساوایان: ٢ ساڵان تا ٣.٥ ساڵان

بەر لە خوێندنی سەرەتایی: ٣.٥ ساڵان تا ٥ ساڵان

لە چوارچێوەی سەردانەکەدا بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر وەردەکاریی کارەکانی ئەو سەنتەرە و پرۆگرام و شیوازی مامەلەکردن لەگەڵ منداڵان و دایک و باوکانیان، چاوپێکەوتنێکمان ڕێکخست لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە (تانیا ئاتوود Tanya Attwood) کە لەسەرتای ژیانی کارکردنییەوە، دوای تەواکردنی ڕاهێنانی تایبەت دەستی بەکار کردووە و بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە لە بواری پەروەردەکردنی منداڵاندا کار ئەکات، هەر لەو ماوەیەدا لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی ڕۆژئاوای سیدنی بەدەستهێناوە و لە ساڵی٢٠٠٧ەوە بووە بە بەڕێوبەری سەنتەرەکە.

لەبارەی ڕۆڵی خۆیەوە تانیا ئەڵێت: وەک بەڕێوەبەری سەنتەرەکە، من سەرپەرشتی هەموو کار و چالاکییەکی ڕۆژانە و دارشتنی پرۆگرامی گونجاو بۆ منداڵان و دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و هێمنانە ئەگرمە ئەستۆ. هەروەها خۆشحاڵی خۆی نیشان ئەدات و شانازیی بەوەوە دەکات کە سەنتەرەکەیان توانیویەتی پرۆگرامێکی پەروەردەیی لەسەر ئاستی تاک بگەیەنێت بە منداڵانی تەمەن ژێر قۆناغی سەرەتایی، هەر لەکۆرپەییەوە تا تەمەنی پێنج ساڵان. پرۆگرامی سەنتەرەکە هەفتانە بە پێی حەز و خواستی و پێویستییەکانی منداڵان دائەڕێژرێت. بەرنامەی گروپی تەمەن ٣.٥ -٥، پرۆگرامی ئامادەکردنی منداڵان بۆ چوونە قۆناغی سەرەتایی پەیڕەوئەکات بۆ یارمەتیدانیان لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و توانای ئەکادیمی و ئامادەبوونیان بۆ دەستکردن بە خوێندن لەو قوناغەدا بە بێ کێشە و گرفت.

لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ دایک و باوکاندا، تانیا ئەڵێت: بە بەردەوامی من دایک و باوکان ئەبینم و هانیان ئەدەم بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەگشت لایەنەکانی سەنتەرەکەماندا و هەر شێوە هاوکاری و بەتەنگەوەهاتنێکیان بەرز ئەنرخێنم. ڕۆژانە لەکاتی هێنان و بردنەوەی منداڵەکانیان. لە گەڵیاندا ئەدوێم و لە نزیکەوە بیروڕایان لەگەڵ ئەگۆڕمەوە لەبارەی هەڵسوکەوت و بەرەوپێشچوونی منداڵەکانیان و داوایان ڵێئەکەم ئاگادارمان بکەنەوە لە هەر تێبینییەک لە بارەیانەوە. ئەوەو لە بۆنە جیاجیاکاندا وەک ڕۆژی دایک و ڕۆژی باوک و بۆنە گشتییەکان وەک کریسمس یان لە کاتی ئاهەنگێڕانی تایبەت بۆ منداڵانی سەنتەرەکەمان، بانگی دایک و باوکان ئەکەین بۆ بەشداریکردن لەگەڵ منداڵەکان و مامۆستاکان لەو بۆنەیانەدا. ئەم جۆرە هاوبەشییە لە نیوانی سەنتەرەکەمان و خێزانەکاندا، پەیوەندییەکان قوڵتر ئەکاتەوە و هەدوولا زیاتر ئاگاداری گرفتەکانی منداڵان ئەبن و هاوکاری ئەکەن بۆ چارەسەرکردنیان.

سەبارەت بە دارشتنی پلانی تایبەت بۆ ئەنجامدانی چاڵاکی بەمەبەستی فێرکردنی منداڵان، سەنتەری ABC ئەو ڕاستیانەی خوارەوە لەبەرچاو ئەگرێت کە:

کۆرپەکان سەرەتا لەبارەی خۆیان و دونیای دەوروبەریانەوە فێر ئەبن لەڕێی هەستکردنەوە و زۆر کاتیان بەسەر ئەبەن بە هەستکردن بە نوسینی جۆراوجۆر و گوێگرتن لە دەنگی جیاجیا و بۆنکردن و تامکردنی شتی نوێ بۆ یەکەمین جار.

منداڵانی ساواش لە ڕێی تاقیکردنەوەوە فێر ئەبن وەک تێکەڵکردنی ڕەنگە جۆراوجۆرەکان. فێربوونی کۆمەڵایەتیش گرنگی زۆری هەیە بۆیان. ساوایانیش زوو ئەبنە هاوڕێ، بۆیە ئەبێت هان بدرێن کە پێکەوە کاری هاوبەش بکەن.

منداڵانی تەمەنی پێش خوێندنی سەرەتایی تادێت سەربەخۆ ئەبن. دەست ئەکەن بەوەی ببنە خاوەن توانای خۆیان لەچارەسەرکردنی کێشەکان. کاتی یاریکردنیان بە یاری میکانۆ، کاتێک ئەیانەوێت شتێک دروست بکەن، ئەو پارچەیەی هەڵئەبژێرن کە پێویستیانە بەکاری بێنن.

بۆیە گرنگە کاتێک چالاکییەکان پلانی بۆ دائەڕێژرێت، چاودێریکردنێکی ڕاستەوخۆی زۆری لاینی بەهێز و حەزی هەر یەک لە منداڵان و لە ڕێی هاوبەشی لەگەڵ خێزانەکان و وتوێژکردن لە گەڵیاندا بخرێنە بەرچاو. ئەو پلانە دەرفەتیان پێئەدات کە کاربکەن لەگەڵ مامۆستادا بەپێی بارودۆخی هەر یەکێکیان یانیش لە گروپی بچوک یان گەورەدا لەگەڵ هاوتاکانیان بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو گەشەی هەمەلایەنە بکەن. بە دارشتنی پلانی چالاکییەکان بەرەچاوکردنی لایەنی بەهیز و حەزی منداڵان، سەرکەوتنی منداڵ لە بنیادنانی توانای داهێنان و فێربوون بە شێوەیەکی تەندروست مسۆگەر ئەکەین.

بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی منداڵانی سەنتەرەکە و شێوازی پەروەردەکردن و کارکردنی مامۆستایان، چەند پرسیارێکم ئاراستەی یەکێک لە مامۆستایانی خاوەن ئەزموون کرد بەناوی ستیفانی ڤاینس :Stephanie Vines

ستیفانی ٢٥ ساڵ لە بواری پەروەردەکردنی منداڵان و ١٥ ساڵیش لەو سەنتەرە کارئەکات. یەکەمجارلەگەڵ منداڵانی تەمەن سەرووی سێ ساڵییەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بۆ ماوەی شە ش ساڵە لەگەڵ منداڵانی ژێر دوو ساڵییەوە بەردەوامە.

**لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی جیاوازی لە شێوازی کارکردن لە نێوان ئەو دوو گروپە لە منداڵان کە هەر یەکێکیان ژوورێکی تایبەت پێکدێنن، ستیفانی ئەڵێت:**

جیاوازێکە تا ڕادەیەک لەوەدایە کە کارکردن لەگەڵ منداڵانی تەمەن ژێر دوو ساڵییەوە زیاتر جەستەییە چونکە ئەوان ناتوانن سەربەخۆ بن و پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە کاتی یاریکردن و چاودێریکردنیان، ناڵێم کارکردن لەگەڵیان گرانترە بەڵکو جیاوازە و هەردوو گروپەکە تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

لەبارەی رۆتینی ڕۆژانە و چالاکییەکانی هەر ژورێک لە ژورەکان. ستیفانی باس لەوە ئەکات کە ڕۆژانە لە حەوتی بەیانییەوە بەکار دەستئەکەن و منداڵەکان بەپێی گروپ ئەچنە ژوری تایبەتی خۆیان. خواردنی بەیانیان پێی ئەردێت تا ٨:٤٥ پاشان جیا ئەکرێنەوە بە پێی ژوورەکانیان بۆ یاریکردن و هەر یەک لە منداڵەکان دەست بەو یاریە ئەکات کە پێی خۆشە. لە ٩:٣٠ی بەیانی کاتی چای خوارنەوەی بەیانیان دەستپێئەکات. دوای ئەوە کاتی چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام ئەدەن. منداڵە تەمەن بچوکەکان ئەگەر خەویان هات ئەیانخەوێنین تا تێرخەوئەبن و کە هەڵئەسن لەگەڵ ئەوانی تردا خواردنی نیوە ڕۆیان پێئەدرێت.

**پەیوەندیتان لەگەڵ دایک و باوکان لە چ ئاستێکدایە؟**

لەوەڵامی ئەو پرسیارە ستیفانی ئەوەی ڕوونکردەوە کە بەیانان لە کاتی هێنانی منداڵەکان و ئێوارە لەگەڵ بردنەوەیان، چاومان بە دایک و پاوکان ئەکەوێت و قسەیان لەگەڵدا ئەکەین و بیروڕا لەسەر منداڵەکانیان ئەگۆڕینەوە. هەروەها دەفتەرێکی تایبەتمان داناوە بەو مەبەستەی گەر هەر تێبینییەکیان هەبێت بیخەنە بەرچاومان. ئەو پەیوەندییە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئاگاداربوونی هەردوو لامان لەبارەی منداڵانەوە و یارمەتیدەرە بۆ هەردوولا کە ئاشنابین بەهەرگرفتێک یان ڕادەی بەرەوەو پێشچوونی منداڵەکان.

**چۆن مامەڵە ئەکەن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێویستی تایبەت گەر لە سەنتەرەکەتاندا هەبن؟**

ستیفانی لەمبارەیەوە ووتی: هەر منداڵێک بە پێی جۆری پێویستی و باری جەستەیی و ڕێژەی ژیری مامەڵەی لەگەڵ ئەکەین و پرۆگرامی بۆ دائەنێین و کار ئەکەین بۆ ئەوەی هەست نەکات کەمترە لە منداڵەکانی تر. ئێستا منداڵی وا لە سەنتەرەکەماندا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە یەکێک لە منداڵەکان ئەلەرجی هەیە بۆ جۆرە خواردنێک، بۆیە بە جیا خواردنی بۆ دائەنرێت و ئاگاداری ئەبین کە خواردنی منداڵانی تر تێکەڵاوی خواردنەکەی نەکرێت. بەڵام لەبارەی جەستەییەوە، منداڵی کەمئەندامامان لانییە.

سەرچاوە : ماڵپەری ماڵپەڕی دەروونناسی / ڕێکەوتی : ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٠

=====================================================================

# کورتەیەک لە ژیانی یاسر عەرەفات

**بەبۆنەی ١١ی ئۆکتۆبر . یادی ٩ ساڵە کۆچی دوایی یاسر عەرەفات**

ئامادە کردنی : مەجید ئەحمەدی

لێرەدا بەکورتی ژیانی سیاسیی پڕکارەساتی یاسر عەرەفات، ڕێبەری فەلەستینییەکان، کە لە ماوەی نزیک بە ٥٠ ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی فەلەستیندا بەسەری بردووە، دەخوێنیتەوە. عەرەفات دوایین ڕۆژانی ژیانی خۆی لە نەخۆشخانەیەکی سەربازی لە دەرەوەی پاریس لە فەرانسە لەکاتێکدا کە بە دەیان و بگرە سەدان مێدیای جیهانی لە بەر دەرگەی نەخۆشخانەدا لە چاوەڕوانی هەواڵی

چاکبوونەوەی یان مەرگیدا بوون، لەنێوان مەرگ و ژیاندا بەسەربرد و سەرەنجام لە ١١ی نۆڤەمبەری ۲۰۰۴ دا ماڵاوایی لە یار و نەیاران کرد.

## لە کایرۆوە ۱۹۲۹ تا پاریس ۲۰۰۴

* ۴ی ئاگۆستی ۱۹۲۹ ، لە کایرۆ لەدایک دەبێ و ناوی دەنێن عەبدول ڕەئوف عەرەفات ئەل قودوە ئەل حوسێنی.

* ۱۹۳۳ ، دایکی بە نەخۆشی گورچیلە دەمرێت. ئاگالێبوونی حەوت زارۆک بۆ باوکی بەتەنێ دژوار دەبێ، بۆیە عەرەفات و برایەکی بچووکی دەنێردرێنە ئۆرشەلیم بۆئەوە لای خزمەکانی دایکیان بژین.



* ۱۹۳۷ ، عەرەفات و برا بچووکەکەی دەگەڕێنەوە لای باوکیان لە کایرۆ. خوشکە گەورەکەیان کە لە تەمەنێکی لاویدا دەبێ، چاودێرییان دەکات.

* ۱۹۴۶ ، ماڵی دەچێتە فەلەستین و تێکەڵ بە 'بزاڤی ڕزگاریخوازیی فەلەستین' دەبێت.

* ۱۹۴۷ ، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پلانی دابەشکردنی فەلەستین دادەڕێژێت. بەرایی خاکی فەلەستین دابەش دکرێت بەسەر ۵۵% بۆ دەوڵەتی جولەکە و ۴۴% بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی.

* ۱۹۴۸ ، جاڕی سەربەخۆیی ئیسراییل یەکلایەنە لەلایەن داود بەن گوریون کە دواتر دەبێتە یەکەم سەرۆکوەزیرانی ئیسراییل، دەدرێت. عەرەفات بەشداری شەڕی فەلەستین دەکات. شەڕەکە لە بەهاری ۱۹۴۹دا بە سەرکەوتنی ئیسراییل کۆتایی پێدێت.

* ۱۹۵۶ – ۱۹۵۰ ، دەبێتە خوێندکاری ئەندازیاری مەدەنی. ۱۹۵۲ باوکی دەمرێت، بەڵام لە بەخاکسپاردنەکەیدا ناتوانێت بەشدار بێت. هەمان ساڵ دەبێتە بەرپرسی گشتی کۆمەڵەی فەلەستینییەکان لە زانستگەی کایرۆ. دواتر کە دەزانێ لەدووی دەگەڕێن، وڵات جێدێڵێ.

* ۱۹۵۹ ، لە کووەیت بناغەی ئەل فەتح بە مەبەستی ئازادی فەلەستین دادەڕێژێت.

* ۱۹۶۴ ، یەکەم ئۆپەراسیۆنی ئەل فەتح ڕێکدەخرێت. لە میسر ڕێکخراوی **PLO** بە مەبەستی چاودێریکردنی خەباتی فەلەستینییەکان دروست دەکرێت.

* ۱۹۶۷ – ۱۹۶۵ ، بۆ ماوەی دوو ساڵان خۆی حەشار دەدات. ۱۹۶۷ تێکڕای فەلەستین لەلایەن ئیسراییلەوە داگیردەکرێت.

* ۱۹۶۷ ، دێتەوە گۆڕەپانی خەبات، بەڵام لەژێر ناوی ئەبو عەممار دا.

* ۱۹۶۹ ، ساڵی پێشتر ئەل فەتح تێکەڵ بە **PLO** بووە و ئێستا عەرەفات دەبێتە بەرپرسی گشتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری.

* ۱۹۷۰ ، بنکەی **PLO** لە ئۆردۆنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ لوبنان **PLO** .فڕۆکەی ۳۳۰ **Swiss Air flight** لە ئاسماندا دەتەقێنێتەوە. ۴۷ مرۆڤ گیانیان لەدەستدەدەن. هەمان ساڵ **PLO** سێ فڕۆکە دەڕفێنێت.

* ئۆکتوبەری ۱۹۷۴ لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە **PLO** وەک نوێنەری فەلەستینییەکان پەسنددەکرێت.

* نۆڤەمبەری ۱۹۷۴ عەرەفات لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەڵێ: "من ئەمڕۆ هاتوومەتە ئێرە و وەکو خەباتکارێکی ڕێگەی ئازادی چڵێک لە داری زەیتونم بەدەستەوەیە. مەهێڵن لە دەستم بەربێتەوە".

* ۱۹۸۲ ، ئیسراییل بە مەبەستی وەدەرنانی فەلەستینییەکان هێرشێکی سەربازی دەکاتە سەر لوبنان. عەرەفات و هێزە چەکدارەکەی کە نزیک بە ۱۵ ۰۰۰ کەس دەبێت، هەڵدێنە تونس و لەوێ بنکە دادەمەزرێنن.

* ۱۹۸۷ ، یەکەم سەرهەڵدانی فەلەستین بە ناوی ئینتیفازە (انتفاضه) دەستپێدەکات و هەتا سەرهەڵدانی حەماس (حماس) لە ۱۹۹۳دا درێژەی دەبێت. لە درێژەی خەباتی ئیتیفازەدا نزیک بە ۱ ۵۰۰ فەلەستینی دەکوژرێن و ۲۰ ۰۰۰ بریندار دەبن.

* ۱۹۸۸ ، عەرەفات جاڕی دەوڵەتی فەلەستین بە سەرۆکایەتی خۆی دەدات.

* ۱۹۸۹ ، **PLO** خۆ لە کردەوەی تیرۆر دەبوێرێت و دان بە بوونی ئیسراییلدا دێنێت.

* ۱۹۹۱ ، عێراق هێرشی سەربازی دەکاتە سەر کووەیت. بەگوێرەی **Aftonbladet** عەرەفات پشتیوانی خۆی لەم هێرشەی سەدام حوسێن دەردەبڕێت. بەم هۆیەوە وڵاتانی شانشینی عەرەبی پشتیوانی و یارمەتی خۆیان بۆ فەلەستینییەکان دەبڕن.

* ۱۹۹۳ ، پەیمانی ئۆسلۆ ئیمزا دەکرێت. عەرەفات پەیمانی بەستنی پرۆسەیەکی ئاشتی لەگەڵ ئیسحاق ڕابین سەرۆکوەزیرانی ئیسراییل دەدات کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دەسەڵاتی فەلەستینییەکان بەسەر بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی غەزە و کەناری ڕۆژئاوادا.

* ۱۹۹۴ ، پەیمانی ئۆسلۆ دەبێتە هۆی پێدانی خەڵاتی ئاشتی نۆبل بە هاوبەش لەنێوان عەرەفات و ڕابین دا.

* ۱۹۹۵ ، عەرەفات زەماوەند دەکات و لە جولای هەمان ساڵدا کچێکیان دەبێت.

※ ١٩٩٦ ، عەرەفات وەک پرێزیدێنتی فەلەستینییەکان هەڵدەبژێردرێت.

※جولای ٢٠٠٠ پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسراییل لە کەمپ داڤید (USA) تێکدەچێت.

※ سێپتەمبەری ٢٠٠٠ ئینتیفازەی دووەم دەستپێدەکات.

※ ٢٠٠١ ، عەرەفات لە بنکەی خۆی لە ڕامەڵڵا لەلایەن هێزی ئیسراییلەوە دەوری دەگیرێت و ڕێگەی هاتوچۆی لێ دادەخرێت. لەم ڕێگەیەوە ئیسراییل هەوڵی تەریک کردنی سیاسەتی عەرەفات دەدات.



※ مارسی ٢٠٠٢ هێزی سەربازی ئیسراییل لە هێرشێکی بەربڵاودا بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی غەزە و کەناری ڕۆژئاوا داگیردەکاتەوە. دوای چەند دەستوەشاندنی فەلەستینییەکان لە شێوەی خۆتەقاندنەوە، بەشێکی بەرچاو لە بنکەی عەرەفات لەلایەن ئیسراییلەوە خاپور دەکرێت.

※ لە جونی ٢٠٠٢ دا سەرۆککۆماری ئەمریکا جۆرج W بوش، سەرکردایەتی فەلەستینییەکان بە هاوکاری لەگەڵ تیرۆریستان تاوانباردەکات و هاوکات فەلەستینییەکان هان دەدات بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتییەکی نوێ.

※ فێبریەی ٢٠٠٣ بەهۆی گوشاری نێونەتەوەیی، سەرۆکوەزیرانی نوێ پێشنیار دەکرێت و لە مانگی ئەپریلدا مەحموود عەبباس بۆ ئەم پۆستە دیاری دەکرێت.

※ سێپتەمبەری ٢٠٠٣ مەحموود عەبباس بەهۆی کێبڕکێ بۆ دەسەڵات لەنێوان خۆی و عەرەفاتدا، واز لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی دێنێت. ئەحمەد قورەی دێتە جێگەی.

※ ٢٧ی ئۆکتوبەری ٢٠٠٤ عەرەفات تووشی نەخۆشییەکی پڕمەترسی دەبێت.

※ ٢٩ی ئۆکتوبەر عەرەفات دەگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی سەربازی لە دەرەوەی پاریس و لەلایەن دوکتۆری تایبەتەوە چاودێری دەکرێت.

※ لەدوای چەند ڕۆژ مانەوە و چاودێری تایبەتی دوکتۆران، عەرەفاتی ڕێبەری فەلەستینییەکان لە ١١ی ئۆکتوبەری ٢٠٠٤ دا ماڵاوایی یەکجاری دەکات.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی : ١١ی نوامبری ٢٠٠٤

## پێشبینی دەکرێت یاسر عەرەفات ژەهراوی کرابێ

حەیات

ئەو پسپۆرە سویسریانەی پشکنینیان بۆ کەل و پەلە تایبەتەکانی سەرۆکی فەلەستین کردووە کە لەساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کرد، رایدەگەیەنن، ئەگەر هەیە یاسر عەرەفات بەمادەی بۆلۆنیوم٢١ ژەهراوی کرابێت.

پسپۆرانی پەیمانگەی لۆزان بۆ لێکۆڵینەوە فیزیاییەکان بەگۆڤاری (the lanst)ی بەریتانیان راگەیاند:"شوێنەواری ژمارەیەک سامپلیان لەناو خوێن و میزی عەرەفاتدا دۆزیوەتەوە کە رێژەیەکی زۆر مادەی بۆلۆنیۆم ٢١٠ی تێدایە".

هەمان ئەو پسپۆرانە لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٢ رایانگەیاندبوو کە رێژەیەکی زۆر تیشکی ماددەی بۆلۆنیۆمیان لەسەر کەل و پەلە تایبەتەکانی عەرەفاتدا دۆزیوەتەوە.

پسپۆرانی سویسری لە پشکنینەکانیاندا تیشیکیان خستووەتە سەر ئەو شلانەی لەسەر کەل و پەلەکانی عەرەفات دۆزراونەتەوە بەتایبەتی جلی ژێرەوە و فڵچەی ددان و جلە وەرزشیەکانی.

تیمی پسپۆران گوتیشیان "ئەو ئەنجامانە ئەگەری ژەهراوی کردنی عەرەفات بەمادەی بۆلۆنیوم ٢١٠ ئاشکرادەکەن".

بەپێی بۆچوونی پسپۆرانی سویسری، بەپێی راپۆرتی تەندروستی ژەهراوی کردنی عەرەفات بەمادەی بۆلۆنیوم٢١ بەدوورنازانن ئەگەر لەکاتی مردنیشی نیشانەکان دەرنەکەوتبن، بەڵام رووتانەوەی قژو لاوازبوونی درکەپەتک دوو بەڵگەی ئاشکران لەسەر بوونی ئەو مادەیە.

سەرۆکی فەلەستین، لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ لەنەخۆشخانەی بیرسی دوکلاماری سەربازی، لەپاریس کۆچی دوایی کرد . بەپێی راپۆرتی تەندروستی فەرەنسیش عەرەفات بەهۆی هەوکردنی گەدەو مەیینی خوێن کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە : ماڵپەری رووداو / ڕێکەوتی : ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣

# زەردەشت: مێژوو، زمان، کولتور، ناسنامە

## بەشی یەکەم

هادی محەمەدی

لەمێژ ساڵ بوو تامەزرۆی ڕێباز و ئەندێشەی زەردەشت بووم؛ ئەم حەزە هەم لە شعری "کرماشان" دا ڕەنگی داوەتەوە، هەم ساڵانێک لەودیو، لە ڕۆژهەلات، ناوی نهێنی "زەردەشت"م بۆ خۆم هەڵبژاردبوو، چەند بەرهەمێکم هەر بەم ناوەوە لە میدیاکانی دەرەوە بڵاو کردەوە، تا دوایی کاتێ کە گیرام، گرنگترین شت کە سیستمی ئەمنی بە دوایدا ئەگەڕا، ئەوە بوو کە زەردەشت کێیە؟[١]



حەز و خولیای ناسینی فەلسەفەی زەردەشت، بە زەردەشتی نیچە دەستی پێکرد و بە ئاڤێستای ئیبراهیم پورداود و جەلیل دوستخواە گەیشت، بەڵام منی تینوو هێشتا لە سەرچاوەی زوڵاڵی بیری زەردەشت تێر نەدەبووم. تا ئەوە کە ئەمساڵ کتێبی تۆژینەوەی گاتاکانی دکتۆر خسرەو خەزاعی م دیتەوە. کاتێ ئەم کتێبەم خوێندەوە، هەم مێتۆدی تۆژینەوە و هەم زمانی شیرین و پاراوی نووسەر وایان لێکردم کە بیکەم بە کوردی. بۆ ئەم مەبەستە و بەتایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی نەتەوە و ناسنامە و زمانی زەردەشت، هەم کتێبخانەکان و هەم دنیای مەجازیم پشکنی تا سەرئەنجام توانیم بە پشتبەستن بە گەلێ بەڵگە و ئارگۆمنتی مێژوویی جوغرافی، فولکلۆریک و زماننناسانە دڵنیا بم کە زمانی گاتاکانی زەردەشت، کۆڵەکە و پشتخانی زمان و کولتوری کوردی پێکدێنێ.

ناسینی بیر و فەلسەفەی زەردەشت و بەتایبەت گاتاکانی زەردەشت بۆ نەتەوەی بندەستی کورد، گرنگی بنەڕەتی و چارەنووسسازی هەیە، چونکە چ بمانەوێ یان نەمانەوێ زایەڵەی دەنگی زۆلاڵی زەردەشت و بیری زەردەشت بەجۆرێک لە زمان و کولتور و گیانی کوردی دا تێکەڵ بووە کە توێژەرانی وشیار هەست بەم ڕاستییە دەکەن کە نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان، خاوەنی ڕاستەقینەی فەلسەفەی زەردەشتن. بەداخەوە زۆربەی زەردەشتناسان هەتا ئێستا یان بەهۆی ناشارەزایی، یان بە هۆی بیرتەسکی شئۆنیستی، زێد و ئاخێزگەی زەردەشتیان نەناسیوە، یان چەواشەیان کردووە و لە کوردستانەوە بردوویانە بۆ ئەفغانستان. ئەم کارەش لە پێش هەموو شتێک دا غەدرە لە بیری زەردەشت، چونکە زەردەشت لە سەرتاسەری گاتاکان دا، درۆ و فریوکاری بە دزێوترین شت دەزانێ و بەردەوام دژایەتی دەکا و تەنیا ڕاستی بە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ دەزانێ.

### ناو و زێد و زمانی زەردەشت

تا ئێستا زۆربەی زەردەشتناسانی ئێرانی و ڕۆژاوایی تەنانەت لەمەڕ ناوی "زەردەشت" تووشی هەڵە بووگن و دەڵێن وشەی زەردەشت یانی "خاوەنی حوشتری زەرد".

بەڵام بڕوانن عماد الدین دەوڵتشاهی توێژەری وردبین و شارەزای کورد چەندە زانستییانە و وردبینانە ناوی زەردەشت ڕاڤە دەکات؛ ئەو دبێژێ: "وشەی (زەرەتاوشەترا Zarathushatra) لە زمانی هەورامی دا یانی "ئەی ئەو کەسەی کە وەک تیشکی خۆر ئەدرەوشێی و ئەبارێی".

مانای زەرەتاوشەترا لە زاری هەورامی دا بەمجۆرەیە: (زەرە zara) یانی وەک تیشکی زێڕینی خۆر، (تاو tav) یانی درەوشان، تیشکهاویشتن؛ (شەتەرا shatara) یانی بارین؛ (ئا a) یانی هاتووی، دێی. وەک دەبینین وشەی "شەترە" بۆتە هۆی سەرلێشێوانی زۆربەی ئاڤێستاناسان، توێژەران و تەنانەت لایەنگرانی زەردەشتیش. دەوڵەتشاهی هەروەها دەڵێ: "زەرەتاوش" یانی کەسێک کە زێڕ و ئاڵتوون دەسازێ؛ زێڕینگەر، کەسێک کە گیانی مرۆڤەکان لە ژەنگ و ژار دەپارێزێ و وەکوو زێڕ خاراو و پوختەیان دەکات. [کوههای ناشناخته اوستا، ل ١٦٠].

ناوی "زەرەتاوشەترا" بەشێنەیی و بە تێپەڕینی کات سوا و گۆڕانی بەسەردا هات و لە زمانی کوردی دا بوو بە "زەردەشت" و لە زمانی فارسیش دا بوو بە "زرتشت".

لەمەڕ زێدی زەردەشت گرووپێک پێیانوایە کە زەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران لە دایک بووە و گرووپێکی تر دەڵێن لە ڕۆژهەلاتی ئێران [یانی هەر لەو شوێنە کە ئایینی زەردەشت لەودا پەرەی سەند] لەدایک بووە. گرووپێک دەڵێن لە کەناری دەریای "چیچەست" (ورمێ) لەدایک بووە و، گرووپێکی تر دەڵێن لە شاری کۆنی "ڕگا" [یان ڕەی] چاوی بە جیهان پشکووتووە و پاشان کە گەورە بووە بەرەو ڕۆژهەلاتی ئێران کۆچی کردووە.

هیچکام لەم دوو گرووپە بەڵگە و ئارگومێنتی ڕۆشن بەدەستەوە نادەن و ناتوانن بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن. هەروەها لە خودی ئاڤێستاش دا بەڵگەیەک بەدی ناکەین کە ئەم پرسە ڕوون بکاتەوە".

جەلیل دوستخواە دەڵێ: تا ئێستا بەڵگە و ئارگومێنتی زماننناسانەش نەیانتوانیوە ئەم تەم و مژە بڕەوێنن کە زەردەشت خەڵکی کوێ یە و بە کام زمان دواوە. ئەگەر زمانی گاتاکان بە یەکێ لە زمانەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران بزانین، دیسان ناتوانین وڵامی ئەم پرسە بدەینەوە کە: ئایا ئەم زمانە زمانی دایکی زەردەشت بووە، یان زەردەشت پاش کۆچکردنی بۆ ڕۆژهەلاتی ئێران لەگەڵ ئەم زمانە، وەک زمانی ئەدەبی و ڕەسمی ئەو دەڤەرە بەرەوڕوو بووە و سروودەکانی خۆی پێ نووسیوە؟ کەوابوو بەناچار دەبێ لە باسکردن لەمەڕ زێدی زەردەشت خۆ ببوێرین و ئاکامی تۆژینەوەی زۆربەی ئاڤێستاناسان کە دەڵێن بانگەوازی زەردەشت لە ڕۆژهەلاتی ئێران دا پەرەی سەندووە قەبوڵ بکەین و بێژین کە:

زەردەشت کۆنترین بیرمەند و دادگەر و شاعیری ئێرانی لە شوێنێک لە ئێران دا چاوی بە جیهان پشکووت و لە ڕۆژهەڵاتی ئێران پەیام و دینی خۆی ئاشکرا کرد." [اوستا، د. جلیل دوستخواه، مقدمه].

ئیبراهیم پورداوود، ڕاڤیاری گاتاکان و مامۆستای زەردەشتناسانی ئێرانی، لەمەڕ زێد و نیشتیمانی زەردەشت دەنووسێ:

"پێشتر ڕۆژهەڵاتناسان شاری بەڵخ، شارێکی ئەفغانستانی ئێستایان، بە زێدی زەردەشت دەزانی، بەڵام ئەمڕۆ بەگشتی لەسەر ئەو ڕوانگەیە کۆکن کە زەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران لەدایک بووە. لە ئازەربایجان لەو شوێنە کە ئەمڕۆ بە تەختی سلێمان دەناسرێت و ئاتەشگەی بەناوبانگی ئازەرگوشنەسب و مەزار و پەرسگەیەکی پیرۆزی لێ هەڵکەوتووە. یاقوت حموی لەمەڕ ئازەرگوشنەسب دەڵێ: لەنێوان مەراغە و زەنجان، لە نزیک شارەزوور و دینەوەر دایە.

زۆربەی مێژوونووسانی ئێرانی و عەرەب هەر لە ئیبن خردادی و مەسعودی و یاقوت حەمەوی و قەزوینی و حەمزە اسفهانی لەسەر ئەم ڕوانگەیە کۆکن کە زەردەشت لە ئازەربایجان و لە کەناری دەریای ورمێ لەدایک بووە و باسی پلە و پێگەی پیرۆزی ئازەرگوشنەسب یان کردووە.

پورداود دەڵێ: "دەتوانین بێژین کە زەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران لە دایک بووە و هیچ فڕی بە جنووبی ئێرانەوە نییە و بڕوا بە ڕۆژهەڵاتی ئێرانیش وەک زێدی زەردەشت ئەمڕۆ لەبرەو کەوتووە و ئیتر کەس لایەنگری لێ ناکات". [گاتها، سرودەهای زرتشت، شرح و پێشگفتار ابراهیم پورداوود]. وەک دەبینین پورداود لە شاگردەکەی، یانی جەلیل دوستخواه واقعبینترە و ناڕاستەوخۆ دان بەم ڕاستییەدا دەنێ کە زێدی زەردەشت کوردستان بووە.

* * *

کاتێ لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ڕەزاشا لە ئێران دەوڵەتی ناوەندی مۆدێرنی دامەزراند، ئێرانی مۆدێرن، یانی ئێرانێک بەپێی یەک زمان، یەک نەتەوە، کە ئەمەش بریتی بوو لە زمان و نەتەوەی فارس، ئەوجار زۆرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ ساغکردنەوەی کولتور و ناسنامەی خۆیان گەڕانەوە بۆ ئایین و فەرهەنگ و ئەفسانەکانی ئێرانی لەمێژین، لەم ناوەدا ئیبراهیم پورداود یەکێ لە توێژەران و پسپۆڕانی ئێرانی بوو کە دەستی دایە شەرح و ڕاڤەکردنی کتێبی ئاڤێستا و گاتاکان، یانی وەرگێڕانی دەقی ئاڤێستایی بۆ زمانی فارسی؛ پورداوود ئەگەرچی لەنێو ڕۆشنبیرانی فارس دا ڕێز و پرستیژێکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەم بەهۆی ناشارەزایی لە خوێندنەوەی دەقی ئاڤێستادا، هەم بەهۆی دەمارگرژی شێۆنیستی، زۆر کەم و کووڕی بە کارەکانییەوە دەبینرێ، چونکە وەک دەوڵەتشاهی دەیسەلمێنێ ئەگەر وەرگێڕی ئاڤێستا زمانی کوردی، بەتایبەت زاراوەی هەورامی و کەلهوڕی نەزانێ، ناتوانێ بە باشی لە دەقی ئاڤێستا تێبگات. بۆ وێنە پورداوود بەندی هەشتی زامیاد یەشت بەمجۆرە وەردەگێڕێ: "بە هەر رادە کە ئەم زنجیرە چیایە دەرواتە پێش، بە همان رادە خودای راهێنەر بۆ پێشەوایان و جەنگاوەران و جوتیاران، پەز و مێگەلی ئافراندووە"؛ بەڵام دەوڵتشاهی بەمجۆرە وەریدەگێڕێ: "لەوێوە دەڕۆی، بەنێو ئاودا بە بوارگەدا رادەبری، بڕوانە و بڕۆ بەرەو سەتەر [سەتەر لە ناوچەی سنگور و کولیایی هەڵکەوتووە]، سپی کەل تێپەڕێنە و بگەیە دەروەنەکان [مەبەست ناودەروەن و پشت دەروەنە کە لەنێوان کامیاران و کرماشان دان]، لەوێوە دەگەڕێیەوە و دێییەوە بۆ "سورنێ" [سورنی ئێستا گوندێکە لە باشوری کامیاران دایە]، ئەی دروستکار، لەوێ پشوو بدە، بحەسێوە، خۆراکی خۆش بخۆ، شوانەکان لەوێ پشوو ئەدەن، شەو لەوێ بمێنەوە، خۆراکی بەچێژت بۆ دێنن، لەوێ بە هاوار و باڵۆرەوە مەزدا ستایش بکە و بڵێ سپاس ئەی مەزدا کە منت ئافراند، خێر بە هەموان ببەخشە، بەمجۆرە هێندە سکاڵا و هاوار بکە تا خەڵک فێر بکەی کە ستایشی مەزدا بکەن". سەرچاوە: جغرفیای غرب ایران، کوههای ناشناخته اوستا، عمادالدین دولتشاهی، ل١٧؛ وەک دەبینین تەرجەمەی پورداود و تەرجمەی دەوڵتشاهی هێندە لێک دوورن دەڵێی بەرهەمی دوو دەقی جیاوازن. پێویستە ئاماژە بەم شتە بکەم کە زیاتر وشەی "سەتەر" پورداودی بە هەڵەدا بردووە، چونکە ئەو بە ئاژەڵ و مێگەڵ لەم وشەیە تێگەیشتووە. "جەلیل دوستخواه"یش هەر وەک پورداود وەریگێڕاوە. بێجگە لە مەش پورداوود لە وەرگێڕانی فەروەردین یەشت دا، بەندی چوار تا هەشت، وەرناگێڕێ، یان ڕەنگە سانسۆری دەکا!

بەڵام ئاخۆ پورداود و دوستخواه بۆچی وا دەکەن؟

ئیسمایل بێشکچی، نووسەری بوێری تورک، لە وتەیەک دا دەڵێ: سەرتاسەری فەرهەنگ و ژیاری هەر سێ نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب، بە پێی درۆ و فریو داڕێژراوە، بۆچی؟ بۆوەی کە حاشایان لە ڕۆڵی مێژوویی نەتەوەی کورد کردووە، بۆوەی غەدریان لە کورد کردووە... بەپێی ئەم نموونەیە کە ئێستا دەیهێنمەوە، ڕاستی وتەکەی بێشکچی مان بۆ دەردەکەوێ... هەروەها حاجی قادری کۆیی لە شێعرێکی دا دەڵێ: "گوردی شانامە هەر هەمووی کوردن"؛[٢] من پێشتر کە ئەم شعرەم دەخوێندەوە پێم وابوو ئەمە جۆرێک بەرچاوتەنگی شاعیر دەگەیەنێ، بەڵام بە دیتن و خوێندنەوەی کتێبەکانی دەوڵەتشاهی دڵنیابووم کە وتەکەی حاجی قادر ڕاستە.

عمادالدین دەوڵەتشاهی، توێژەر و وەرگێڕی بوێری کوردی کرماشانی بە وەرگێڕانی زامیاد یەشت و فەروەردین یەشت گەورەترین خزمەتی لەپێش دا بە ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان و، پاشان بە زمان و کولتور و ناسنامەی کورد کردووە. دەوڵەتشاهی لە پێشەکی کتێبەکەی دا دەڵێ: یەکەم جار لە شیراز کتێبێکی یەشتەکانی پورداوودم بینی و زمانی وەرگێڕانی فارسی و دەقی ئاڤێستایی م پێکەوە بەراورد کرد، بینیم وەرگێڕانەکە لەگەڵ دەقی سەرچاوەدا نایەتەوە، بۆیە بڕیارم دا کە بچم زمانی ئاڤێستایی بە باشی فێر ببم و بزانم چ باسە؛ بەکورتی پاش فێر بوونی زمانی ئاڤێستایی، هەموو ناوچەکانی کوردستان، هەر چوار پارچە، گەڕام و هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیم لە نزیکەوە بیست و ئەوجار دەستم کرد بە توێژینەوە و وەرگێڕانی فەروەردین یەشت، هەم بە فارسی و هەم بە کوردی". کاتێ وەرگێڕانی فەروەردین یەشتی دەوڵەتشاهی و پورداود پێکەوە بەراورد

ئەکەین، ئەبینین کە پورداوود بەندی چوار تا هەشتی فەروەردین یەشت- کە باسی شوێن و جوغرافیای زۆرانبازی ڕۆستەم و زۆراب دەکات- تەرجمە ناکات. [جەلیل دوستخواه یش بەندی چوار تا هەشتی تەرجمە نەکردووە]. لەم یەشتەدا باسی هەندێ ناو و شوێنی جوغرافیایی وەک "وەیس"، "پەڕاو" و "پاوە" دەکرێت کە هەموویان لە پارێزگای کرماشان هەڵکەوتوون. هەروەها سەبارەت بە

شاری سەمەنگان کە بەپێی دەقی شاهنامەی فیردەوسی ئێستا لە ئەفغانستان دایە، لە ڕۆژهەڵاتی کرماشان گوند و کۆنە قەڵایەیک هەر بە ناوی "سەمەنگان" ماوەتەوە کە لە نێوان شارۆچکەی بێستوون و سەحنە هەڵکەوتووە. مەزاری وەیس کە بەپێی کتێبەکەی دەوڵەتشاهی خودایەکی ئارياییە، لە ڕۆژاوای کرماشان و لەسەر شاخێکی بەرز دایە و ئێستاش وەکوو شوێنێکی پیرۆز بۆتە نەزەرگەی خەڵکی دەڤەر و زۆر گۆرانی و بەیت و باوی بۆ وتراوە:

با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە/ پرسیاری لێ بکەین خەتای کامانە | با بچینە سەر وەیس بە تۆبەکاری | تۆبە لە گ شتی نەک لە دڵداری

هەروەها کێوی پەڕاو لە تەنیشت شاخی بێستوون دایە و کێوێکی ئێجگار بەناوبانگە و سەر لە ئاسمان ئەسوێ؛ وەک ئەم بەیتە فولکلۆرە دەڵێ:

پەڕاو بیسێتوین هەر دوو برا بین | فەڵەک کارێ کرد لە یەک جیا بین.

بەڕای من هۆکاری سەرکەوتنی دەوڵەتشاهی لە وەرگێڕانی ئەم دوو یەشتەی ئاڤێستادا لەم سێ شتە دایە: یەکەم زمانی کوردی دەزانێ، دووهەم، زمانی ئاڤێستایی دەزانێ، سێهەم، خەڵکی کرماشانە و شارەزای کێو و شاخ و چۆم و ڕووبار و ناوچەکانی کرماشان و کوردستان و هەمەدانە کە گەشتی مێژوویی زەردەشت و هاوڕێیانی لەم دەڤەرە ڕووی داوە. لەمەڕ گرنگی زمانی کوردی بۆ وەرگێڕان و توێژینەوەی ئاڤێستا، دەوڵەتشاهی بە دڵنیاییەوە دەڵێ کە ئاڤێستا بە زمانی کۆنی کوردی نووسراوە، بۆ نموونە هەموو یەشتەکانی ئاڤێستا بەم دێڕە دەست پێدەکەن: "پەنامەە ئەو یەزدانەن تا ئەوە زایات"، یانی: پەنام وە ئەو یەزدانە کە تۆی زاوە، کە تۆی بەدیهێناوە. [کوههای ناشناختە، ل ۲۰] وەک دەبینین ئەم ڕستەیە کوردییە و هەر ئێستاش زۆربەی کوردان لێی تێدەگەن. یان لە فەروەردین یەشت دا هاتووە: ئەشم ڤەهو، فرەوەرانی، فرەس سێتەئیچە: یانی: ئەوشم/ ئێژم وە ئەهورا، فرە دەیڵێمەوە، فرەن ستایشکارانت. بەمجۆرە وەک دەبینن ئاڤێستا بە زمانی کۆنی کوردی نووسراوە و هەر توێژەر و پسپۆڕێک گەر زمانی ئاڤێستاییش بە باشی بزانێت، بەڵام ئەگەر زمانی کوردی نە زانێ و شاخ و دەشتەکانی کوردستان نەناسێ، بێگومان تووشی سەرلێشێوان دەبێت؛ وەکچۆن پورداوود تووش هاتووە و تەنانەت نەیزانیوە روباری ئەڵوەن کە لە ئاڤێستادا باسی دەکرێت، لە کوێ دایە؟ یان زۆر وشەی لە ئاوێستا و بەتایبەت چوار بەندی لە فەروەردین یەشتی وەرنەگێڕاوە.

بەڵام ئاخۆ بۆچی پورداوود و دوستخواه وایان کردووە؟ هۆکار ڕۆشنە، چونکە ئەگەر ئەوان شوێنی جوغرافیایی زۆرانبازی ڕۆستەم و زۆراب دیاری و ڕوون بکەنەوە، شیرازەی تێکڕای شانامەی فیردەوسی هەڵدەوەشێتەوە. ئاخر فیردەوسی دەڵێ: ڕۆستەم خەڵکی زابۆلستانە[3] و "سەمەنگان"یش لەوبەری روباری "هیرمەند"ە و تێکڕای ئەکتەر و پاڵەوانانی شانامە لە هەر دوو دەسەڵاتی پیشدادی و کیانی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێرانن و لە نەتەوەی "پارس"ن. بەمجۆرە دەبینین شانامە ئەم بەرهەمە مەزنە حەماسییە کە زۆربەی خەڵکانی ئێران شانازی پێوە دەکەن، لەسەر بنەمای درۆ و چەواشەکاری داڕێژراوە.[4] ئەحمەد شاملوو ساڵی ۱۹۹۰ لە زانکۆی بێرکلی لە ئەمریکا لە بابەتێک دا کە باسی بە دەسەڵات گەیشتنی داریوشی هەخامەنشی و تێکشکانی شۆڕشی گئۆمات دەکات، ڕاستییەکانی ئەم پرسەی ڕوون کردەوە و چەواشەکاری فیردەوسی ئاشکرا کرد[5]؛ هەر ئەوکات شاملووی مەزن لەگەڵ تۆفانی جنێو و هێرشی شێۆنیستانی دۆگم بەرەوڕوو بوو... بەڵام پووورداوود و دوستخواه وەک شاملو نەبوون، کە هێندە بوێر بن کە ئەم ڕاستییە ئاشکرا بکەن، بەمجۆرە لە پلەی یەکەم دا غەدریان لە ڕێگای ڕاستینی ئەشو زەردەشت کرد و، لە پلەی دووهەم دا، خەسڵەتی هەق خوازی و ڕاستبێژی خۆیان وەک توێژەری پسپۆڕ و شارەزا خستە ژێر پرسیار!!!

دەوڵەتشاهی ڕوونی دەکاتەوە کە شاخ و کێوەکانی زاگرۆس و کوردستان، کێوە نەناسروەکانی ئاڤێستا پێکدێنن. ئەو دەڵێ زەردەشت لە تەنیشت دەریای ئاورامیە و لەنێو هەورامیەکان لە دایک بووە، دواتر لەوێوە بەرەو ئاوشیندەرە/ ئاویەر ڕۆشتووە، پاشان بەرەو دیناوەر/ دینەوەر ڕۆشتووە و لێرەدا بە یارمەتی کەی ڤێشتاسپ پەرەی بە دینی خۆی داوە. ئاخۆ کەی ڤێشتاسپ کێیە؟ کەی ڤێشتاسپ دواین پادشای دەسەڵاتی کیانییەکان بووە. دەسەڵاتی کیانی بە هۆی کەی قوباد دامەزراوە، هەروەها کەیکاوس کە نەبەردی ڕۆستەم و زۆراب لە سەردەمی ئەودا ڕووی داوە، پادشایەکی تری کیانییە... لە ئاڤێستادا کاتێ باسی زێدی زەردەشت دەکرێت، باسی وڵاتی ئاریان ڤاچ دەکرێت، هەروەها باسی شاخی "هەرە بەرزەن" دەکرێت، کە شەش زنجیرە شاخی تر بە تەنیشتییەوەن. دەوڵەتشاهی بە کۆمەڵێک بەڵگە و ئارگومێنت و نیشانەی زمانی و ناوی جوغرافیایی دەیسەلمێنێ کە زێدی زەردەشت کوردستانە. هەروەها د. هەورامانی پێی وایە کە شاخی هەرە هەرە کە لە پشت هەورامانی تەخت هەڵکەوتووە هەر هەمان شاخی هەرە بەرزنتە. د. هەورامانی بە زۆر بەڵگەی زمانناسانە دەیسەلمێنێ کە ناوچە و گوندی "کێمنە" کە لە زنجیرە شاخی هەرەهەرە جیا دەبێتەوە، پێشتر بریتی بووە لە کەی مەنە/ کەی مانوش/ کەی مەنوشتەر/ مەنوچەر پادشای کیانی کە لەم دەڤەرە لە دایک بووە. وشەی مانوش و مانوشچتەر لە زامیاد یەشتی ئاڤێستادا هاتووە کە نە پورداوود و نە ئاڤێستاناسانی ڕۆژاوایی نەیانتوانیوە شوێنی جوغرافیایی ئەم ناوە دیاری بکەن. دەوڵەتشاهی پێی وایە کێوی مانێشتی پشتی ئیلام هەر ئەو کێوەیە کە بە ناوی کەی مانوش/ مەنوچەرەوە ناونراوە.

بەمجۆرەیە کە دەبینین گۆردی شانامە هەر هەمووی کوردن؛ توێژینەوەکەی دەوڵەتشاهی کارێکی ئێجگار گرنگ و زانستییە کە دەتوانێ زۆر تۆژینەوەی تر بە دوای خۆی دا بهێنێ و ڕاستییەکانی مێژووی کورد و مێژووی گەلانی تری ناوچەکە ڕۆشن بکاتەوە. هەر بەم پێیەش دۆکتور احسان یارشاطر دامەزرێنەری ئەنسێکلۆپیدیای ایرانیکا لە ئەمریکا لە وتارێک دا گرنگی ئەم کتێبەی دەوڵتشاهی ڕاڤە کردووە. [سایتی ویکی پدیا]

چەند وشەی هەرە گرنگ کە لە گاتاکان دا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن

درێژەی هەیە [ لە ژمارەی داهاتوو دا ]

سەرچاوە : ماڵپەری : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ۱۸ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۲




## Xezelwer ٢٧١٣ خەزەڵوەر

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ 25 | ٢ 24 | ١ 23 | | | | |
| ١٠ Nov 1 | ٩ 31 | ٨ 30 | ٧ 29 | ٦ 28 | ٥ 27 | ٤ 26 |
| ١٧ 8 | ١٦ 7 | ١٥ 6 | ١٤ 5 | ١٣ 4 | ١٢ 3 | ١١ 2 |
| ٢٤ 15 | ٢٣ 14 | ٢٢ 13 | ٢١ 12 | ٢٠ 11 | ١٩ 10 | ١٨ 9 |
| | ٣٠ 21 | ٢٩ 20 | ٢٨ 19 | ٢٧ 18 | ٢٦ 17 | ٢٥ 16 |
| ڕەحمان نەقشی | | | | | | |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی
r_neqsi@yahoo.ca